# هاوسەنگی ئەدەبی بەنمونەی شیعری
# (نالی، ئەدەب، حەریق، قانیع، فەنایی)

**حەیات سەعید عبدالکریم**
**مامۆستای یاریدەدەر/ بەشی کوردی-زانکۆی سۆران**

## پێشەکی

ئەدەبی کلاسیکی کوردی کەرەستەو بەرهەمێکی دەوڵەمەندی بەردەستی لێکۆڵەرانە، بەڵام ئەوەی جێگەی باس بێت تاوەکو ئێستا لە زۆربەی لایەنەکانەوە نەتوانراوە سوودێکی باشی لێوەربگیرێت، بەو واتایەی هەرچەندە بەرهەمی شیعری کلاسیکی کوردی زۆرە و کەرەستەیەکی بە پێزی ڕەخنەییە، بەڵام نەخراوەتە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی زانستیەوە .

هاوسەنگی ئەدەبیش وەک جۆرێک لە ڕەخنەی پڕاکتیکی یەکێکە لەو لایەنانەی، کە تاکو ئێستا سوودی زانستی لێوەرنەگیراوە و ئاوڕێکی ئەوتۆی لێنەدراوەتەوە و زۆرجاریش لەلایەن لێکۆڵەران وەکو بابەتێکی ئەدەبی بەراورد تەماشای کراوە، واتا هەوڵیانداوە لە سنوری ئەدەبی بەراورد و بەمەبەستی ئەدەبی بەراورد چاوبخشێنن بە ئەدەبی هاوسەنگی، کە بێگومان ئەو هەوڵانە نە جێگەی لە ڕەخنەی هاوسەنگی دەبێتەوە، نە لە ئەدەبی بەراوردا، هەروەها خاڵێکی دیکە کە جێگای ئاماژە پێکردن بێت زۆربەی کات لێکۆڵینەوەکانی هاوسەنگی ئەدەبی کوردی لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی کاریگەری و کارتێکردن و لاسایی کردنەوە خراونەتە ڕوو، کە ئەمەش مۆدێلێکی کۆنی ئەم جۆرە ڕەخەیە، لەبەر ئەم هۆکارانە و هەژاری کتێبخانەی کوردی ئێمە بەباشمان زانینی ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەمان بکەین بە (هاوسەنگی ئەدەبی بەنمونەی شیعری نالی، ئەدەب، حەریق، قانع، فەنایی) هەروەها لەبەشی تیۆری باسەکەدا بەشێوەیەکی چڕو پڕ هەندێکجار زیاد لەسەر ڕۆیشتن لەسەر بابەتێک گرنگی تایبەتی خۆی پێدراوە، ئەمەش بە

مەبەست ئەنجام دراوە لەبەر کەمی و نەبوونی سەرچاوەی کوردی و تیشک نەخستنە سەر ئەم بابەتە، لە بەشە پڕاکتیکیەکەشدا سەرباری سوود وەرگرتن لە کاریگەری ئەدەبی، کە بنەمایەکی گرنگی هاوسەنگیە، سوود میکانیزمەکانی تری ڕەخنەی دەقاویزان وەرگیراوە تا ئاستی داهێنانی شاعیرەکانی پێ بخرێتە ڕوو، لە کۆتایشدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتووین و لە چەند خاڵێکدا خراونەتە ڕوو .

لەم باسەدا پشت بەستراوە بە میتۆدی وەسفی – شیکاری – ڕەخنەیی بە ئامانجی زیاتر دەرخستنی لایەنکان و وێکچون و وەرگرتن لەنێوان شاعیرەکاندا .

سنوری لێکۆڵینەوەکە: لە چوارچێوەی شیعری کلاسیکی کوردیدایە، بەشێوە زاری کرمانجی خواروو .

گیروگرفتی باسەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە, کە تاوەکو ئێستا باسێکی چڕوپڕ لەبارەی هاوسەنگی ئەدەبیەوە نەکراوە بەتایبەتیش لای ئەو چوار شاعیرەی ناویان هێنراوە .

ئەم باسە پێکهاتووە لە پێشەکیەک و دوو بەشی سەرەکی لە کۆتایشدا بەچەند خاڵێک ئەو ئامانجانە خراونەتەڕوو کە لێکۆڵینەوەکە پێی گەیشتووە , بەشی یەکەمی باسەکەدا لایەنی تیۆری لێکۆڵینەوەکە دەگرێتەوە, باس لە چەمک و زاراوە و پێناسەی هاوسەنگی ئەدەبی و شوێن و پێگەی هاوسەنگی ئەدەبی لە ناو قوتابخانە بەراوردیەکان و شەپۆلی ڕەخنەیی دەقاویزان کراوە, بەشی دووەمیش پراکتیکیەو پەیوەستە بە هاوسەنگکردنی چوار شیعری هەریەک لە (نالی, ئەدەب, حەرق, قانیع, فەنایی) .

سوود و ئامانجی لێکۆڵینەوەکە لەوەدا دەردەکەوێت، کە بۆیەکەمجارە بەشێوەیەکی چڕو پڕ باسێک بەناونیشانی هاوسەنگی ئەدەبی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ئەنجام بدرێت .

## بەشی یەکەم

## کورتەیەکی مێژوویی لەبارەی هاوسەنگی ئەدەبییەوە :

مرۆڤ هەر لە زووەوە هەستی بە شتەکانی دەوروبەری کردووە و ئارەزووی ئەوەی تێدا جوڵاوە کە داوەری بکات لە نێوانیاندا، کە هەندێکجار لەسەر بنەمای شارەزایی پەیداکردن بووە لێی، جاری واش هەبووە لەسەر بنەمای هەست و سۆز و هەڵچوونەکانی ناوەکی بووە، لەبەر ئەمە دەشێ ڕەگی هاوسەنگی لە ڕووی مێژووییەوە بگەڕێنرێتەوە بۆ ئەو سەردەمی کە مرۆڤ تێیدا پێی ناوەتە مەیدانی زەوییەوە، هەروەکو (د.حمیدە البلداوی) دەڵێت((هاوسەنگی ئەدەبی لە بنەچەدا دەگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی زەینی مرۆڤ بۆ مەعریفە جیاوازەکان لە لێکچوون و جیاوازییەکان بۆ پێکهێنانی دیاردەی مرۆڤایەتی و پەیدابوونی ئەو جۆرە دیاردەیەش لە کەلەپووری ڕەخنەیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی زوو))( البلداوی ،٢٠٠١: ص ٦٧).

بە بەڵگەی ئەوەی کە هەر لە سەرەتادا ویستویەتی هاوسەنگی بکات لەنێوان هێزی چاکە و هێزی خراپە لەوێشەوە هەنگاوی ناوە بۆ گشتاندنی ئەو بیرۆکەیە بەسەر تەواوی لایەنەکانی دیکەی ژیانیدا، کە بێگومان یەکێکیش لەوانە ئەدەب بووە، جا چ نووسراوبێت، یاخود دەماودەم لەنێو خەڵکدا گێڕدرابێتەوە، ئەوەی لێرەدا گرنگە لێی بدوێین ڕەگی ڕاستەقینەی پەیدابوون و سەرهەڵدانی هاوسەنگی ئەدەبییە بە شێوەیەکی هونەری و ئەدەبی، واتە ڕاستە پێشتر چەمکی هاوسەنگی لەنێو مرۆڤدا بوونی هەبووە، بەڵام وەکو بەرهەمی نووسراو کە بەدەستی مرۆڤی سەردەم گەیشتبێ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەدەب و ڕەخنەی یۆنانی کۆن، کە ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ و نووسینی خەڵکی ئەسینای کۆن، بە حوکمی ئەوەی لەو سەردەمەدا یۆنان بەگشتی و خەڵکی ئەسینا بەتایبەتی لە زۆربەی بوارەکانی ئەدەب و هونەر و سیاسەت و سیستەمی کۆمەڵایەتیدا لەپێش خەڵکانی دیکەی سەرزەویەوە بوون و توانیویانە لەو بوارنەدا ببن بە خاوەن تیۆر و ڕێچکەی تایبەت، لەبەر ئەمە هاوسەنگی ئەدەبیش بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئەدەبیاتدا لەو

شانۆگەریانەدا سەریهەڵدا کە خەڵکی ئەسینای کۆن ئەنجامیان دەدا و لەو سەردەمیشدا دیارە شانۆ لە هەر ژانرێکی تری ئەدەبی برەوی زیاتر بووە، چونکە ئەگەر سەیری بەرهەمە ئەدەبییەکان بکرێت، جگە لە هۆمیرۆس ئەوانیتر بەگشتی لە بواری شانۆدا باڵا دەست بوون، هەروەها نمایشی شانۆیی لە ئەسینای کۆن جەژنی تایبەت بەخۆی هەبووە، کە پێیگوتراوە (تیمۆفۆریا) و لەوێدا لەبەرچاوی پاشا شانۆ نووسەکان بەشێوەیەکی پراکتیکی شانۆکانیان بۆ خەڵک نمایش دەکرد و لەم سەر و بەندەشدا ڕەخنەی ئەدەبی وەک بنەمایەکی هونەری بۆ لێپێچینەوە و بەدواداچوون و بڕیاردان لەسەر چاکی و خراپی ئەو بەرهەمانە سەری دەرهێنا، کە لە ڕاستیدا پتر لە شێوەی ڕەخنەیەکی هاوسەنگی (النقد الموازنة) یا (الموازنة النقدية) خۆی دەنواند .

ڕەخنەی هاوسەنگی لە ساڵی (٤٠٥ پ.ز) لە ئەسینا لەسەر دەستی شانۆ نامە نووس (ئەریستۆڤانس) پەیدابووە، ئەم نووسەرە لە یەکێک لە شانۆگەریەکانیدا بەناونیشانی (بۆقەکان) هەوڵیداوە لەنێوان هەردوو نووسەر شانۆ (ئەسخیلۆس) و (یۆربیدس) هاوسەنگیەکەی ئەنجام بدات، ئەریستۆڤانس لە نووسینی ئەم دەقەدا زیاتر مەرامێکی ئەدەبی و سیاسی هەبووە، لەبەر ئەوەی ئەگەر خوێنەر لە بەشی یەکەمدا، کە زیاتر لەشێوەی گاڵتەجاڕییە بڕوانێتە کرۆکی دەقەکە، ئەوا لەسەر زاری پاڵەوانەکاندا بیروڕاکانی نووسەر ئاشکرا دەبن، هەروەها نووسەر ویستوویەتی تەکنیکێک بۆ خوێنەر بەکارببات، کە بێلایەنی خۆی لەلایەک، لەلایەکی تریش بیروڕای خوداوەندێک لەسەر شانۆی ئەوکاتە نیشان بدات، لەبەر ئەمە ئەریستۆڤانس هاتووە لە دەستپێکدا (دینیسیۆس)ی خوداوەندی شانۆی هێناوە، کە جلی (هیراکلییس)ی لەبەرکردووە و پاشان لەگەڵ خزمەتکارەکەیدا بە ڕێگەیەکی ئاوی بەسواری بەلەمی (خارون) کە بۆ گواستنەوەی مردوان بەکاردێت دەچن بۆ جیهانی مردوان، بەڵام لەناو ئاوەکەدا خوداوەند گوێی لە دەنگی سەیر و سەمەرەی بۆقەکان دەبێت و پێشبڕکێیەکی گەروە لەنێوان ئەو و ئەواندا ڕوودەدات، کە دواتر بە سەرکەوتنی خوداوەند کۆتایی پێدێت،

دنیسیۆس و (کسامسیاس)ی خزمەتکاری دەگەنە لای کۆشکی مردوان، بەلام لەوێدا (ئایاکۆس)ی پاسەوانی کۆشک ڕێگەیان پێنادات بچنە ژوورەوە، پاشان (دینیسیۆس) خزمەتکارەکەی فێڵێک دەدۆزنەوە بۆ چوونە ژوورەوە و جلەکانیان دەگۆڕنەوە، لەناکاواندا خزمەتگوزارێکی دیکەی کۆشکەکە بەژنی (بلۆتۆن) دەڵێت : کە ئەم هیراکلیسی ڕاستەقینە نییە، بەڵکو کەسێکی پەردەپۆشکراوە و ساختەیە، لەبەر ئەمە دووبارە دینیسیۆس و خزمەتکارەکەی جلەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن، بەلام لەپاش چەند چرکەیەک لە گۆڕینی جلەکانیان دوو کەس پەیدا دەبن و دینیسیۆس تۆمەتبار دەکەن بەوەی کە لەسەفەری پێشوودا دزی لێیان کردووە و هەڕەشەی تۆڵەکردنەوەی لێدەکەن، لەو سەرو بەندەشدا (ئایاکۆس) و پاسەوانێک تێروپڕ لە خزمەتکارەکە دەدەن و گومانی لێدەکەن کە (هێراکلیس) بێت، بەلام خزمەتگوزارەکە ئەمە ناسەلمێنێ و پاشان دینیسیۆس ئاشکرای دەکات کە ئەو تەنیا خزمەتگوزارێکە و ئەویش خوداوەندە دینیسیۆس داوا لە ئەیاکۆس دەکات بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لە ڕاستی قسەکانی شەلاق و قامچی بەکاربێنن تاوەکو کەسایەتی هەریەکەیانی بۆ ئاشکرابێت، لەمەوە خوداوەند دینیسیۆس بەرگەی قامچییەکان دەگرێت، چونکە خوداوەند بەرگەی تەواوی ناخۆشیەکان دەگرێ و ئازار ناکێشێ، بەلام خزمەتگوزارەکە هەرەس دێنێ، ئینجا دینیسیۆس و بلۆتۆن شۆڕدەبنەوە بۆ جیهانی مردوان و لەوێدا تەواوی ئەکتەرەکانی شانۆی یۆنانی دێنە دەرەوە و پارچەیەک لە بیرۆکە سیاسیەکانی ئەریستۆڤانس نمایش دەکەن و بەمەش بەشی یەکەم تەواو دەبێت، لەدوای ئەمەدا یۆربیدس و ئەسخیلۆس دەبێتە دەمە تەقێیان و داوا لە دینیسۆس خوداوەندی شانۆ دەکەن داوەری لە نێوانیاندا بکات، ئەمیش پرسیار لەبارەی (ئەکلیپادس) کە سەرکردەیەکی یۆنانی بووە، لە هەردووکیان دەکات و ئەمانیش هەریەکەیان بە پێچەوانەی ڕای ئەوەی دیکەیان وەلام دەداتەوە، ئەوەی جێگای سەرنجە لە سەرەتادا دنیسیۆس، کە لە ڕاستیدا بیروڕای ڕاستەقینەی ئەرستۆڤانسە پشتگیری و لایەنگیری زۆر بۆ یۆربیدس دەردەبڕێت، بەلام لە کۆتایدا بڕیار دەدات کە ئەسخیلۆس باشترین شانۆ نامە

نووسـی سـەردەمەكەیەتی، بـەبیانوی ئـەوەی ئەسـخیلۆس لـە حورمـەت و گەورەیی خوداوەندەكانی كەم كردۆتەوە و باوەڕی پێیان نییە، هەروەها ژنی كردۆتـە پاڵـەوانی شـانۆنامەكانی و زمـانێكی سـادەی ئاسـایی خـەڵكی بەكاربردووە، دیسان ئەوەی جێگەی سەرنجە لەو شانۆگەریەدا ئەرستۆڤانس هەر لە سەرەتاوە لە هەوڵی ئەوەدایە گاڵتە بە شانۆی تراژیدی بكات، هەر لە هێنانی خوداوەند بەو بێدەسەڵاتیە كە جلی قەیسەری لەبەركردووە، پاشان قامچی لێدان و ڕێگەنەدانی بۆ دنیای مردوان و سوار بوونی بەلەمی مردوان و گۆڕینەوەی شتومەكەكەی لەگەڵ خزمەتكارەكەی لە ڕاستیدا گاڵتەجاڕیەكە بە خودی ئەو داوەریەیە، چونكە ئەرستۆڤانس لە سەردەمی خۆیدا بەهێزترین و بەناوبانگترین شانۆ نووسی سەردەم بووە لەبواری كۆمیدیادا، هەروەها لەبواری تراژیدیاشدا هەریەك لە (ئەسخیلۆس و سۆفۆكس و یۆربیدس) بوون، هەروەها جگە لەمەش چوون بۆ جیهانی مردوان لە بنەڕەتدا دانپیانانە بە مردنی شانۆی تراژیدی لەو سەردەمەدا، چونكە زیندووكردنەوەی شانۆ نامە نووسێك و گەڕاندنەوەی بۆ جیهانی زیندوان لە ڕاستیدا شتێك نییە، جگە لە نەبوون یا لەدەستدانی شكۆی شانۆی تراژیدی لەو سەردەم بە باوەڕی ئەرستۆڤانس ( بروانە:اریستوفانس،ت: الشعراوی ،٢٠١٢).

دوا بەدوای یۆنانی كۆن دەشێ ئاماژە بۆ ئەو هاوسەنگیە ئەدەبیانە بكرێت، كە لە ئەدەبی كۆنی عەرەبیدا بوونیان هەبووە، كە هەر لە سەردەمی جاهلیدا ڕەگی داكوتاوە و تاوەكو سەدەی پێنجەمی كۆچی، مێژوونوسانی ئەدەبی عەرەبی كۆكن لەسەر ئەوەی كە لە پێش هاتنی ئیسلامدا ئەو جۆرە ڕەخنە بوونی هەبووە، كە ئێستا بە هاوسەنگی ئەدەبی ناسراوە، بەڵام زیاتر بەشێوەیەكی زارەكی بووە، یاخود نمایش و نیشاندان بووە زیاتر لەوەی نووسراو بێت، هەروەك ئەوەی لەنێوان (امریء القیس و علقمە) دا لە سەردەمی نەزانیدا ڕوویداوە، یاخود لەو كۆڕە ڕەخنەیانەی كە بۆ شاعیری دیاری عەرەب (نابغە الذبیانی)دا سازدەدرا و تیایدا لەژێر ڕەشماڵێكی سوور دادەنیشت و داوەری دەكرد لەنێوان ئەو شیعرانەی كە لەپێش جەماوەردا دەخوێندرانەوە و یەكێكیانی بەباشتر دادەنا لەوەی تریان، لەگەڵ هاتنی

ئیسلامیشدا ئەو جۆرە ڕەخنەیە پوکاوەتەوە و جۆرە چالاکیەکی ئەوتۆ لەم بوارەدا بەرچاو ناکەوێت کە شایانی باسکردنی بێت (احسان، ١٩٨٧: ل١٤٥ بەدواوە).

لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا و لەسەردەمی عەباسیەکاندا ئەدەب لە گشت بوارەکانیدا پەرەی سەند، یەکێکیش لەمانە هاوسەنگی ئەدەبی بوو، کە لەو سەردەمەدا زیندووکەرەوەی هەمان هەستی شاعیرانی سەردەمی جاهیلی بوو لەو ماوەیەدا چەند هەوڵێک دران لەبارەی ڕەخنەوە، کە زۆربەیان دەچنە ناو خانەی ڕەخنەی هاوسەنگیەوە، کە ئێمە ئاماژە بۆ هەندێک لەو هەوڵانە دەدەین :

١- ابو القاسم الامدی کتێبێکی نووسیوە بەناوی (الموازنە بین شعر ابو تمام و البحتری) (بروانە:الامدی،١٩٥٤) لەم کتێبەدا نووسەر هەوڵیداوە ڕەخنە لە شیعرەکانی ئەبو تەمام بگرێت و تەواوی جوانی وێنە ڕوونبێژیەکانی شیعرەکانی بخاتە لاوە، بە پێچەوانەشەوە پشتیوانی خۆی بۆ شیعرەکانی (البحتری) بەشێوەکی زیادەڕەوی دەبڕیوە و هەوڵیداوە، تەنانەت شیعرە ناپەسند و دزێوەکانیشی بەشێوەیەکی جوان و بەرچاو نیشان بدات، هەرچەندە (الامدی) بیرو بۆچونەکانی و ئەو جۆرە ڕەخنەی بەشێوەیەکی ڕوون و بەرچاو نیشان نەداوە، وەک بڵێی سەربەستی بووە، کە خوێنەر خۆی لە ئەنجامی خوێندنەوەی کتێبەکەدا ئەو بیرو ڕایانە هەڵبهێنجێت(زرین کوب، ١٣٩٠ : ص ٢٩٧ – ٢٩٨).

لەم کتێبەدا هاوسەنگیەکە لەسەر بنەمای دەستەواژە و بەلاغەدا کراوە و ئەوەی خستۆتە ڕوو کە ئەبو تەمام بەشێکی زۆری شیعرەکانی لەژێر سایە و وێنەو لێکچواندنەکانی (البحتری)یدا نوسیووە لە ڕووی ڕستە و وشە و مانـاوە دزیکاری لە (البحتری) کردووە(فیود ، ٢٠١٠: ص ٧٠ – ٧١)، هەرچەندە ئەبو تەمام ڕاستەوخۆ ئەوە نادرکێنێت لەسەرەتای کتێبەکەیدا ئاماژەیەکی بەسوود پێشکەش دەکات کاتێک دەڵێت : ((لەبارەی ابو تمام و بحتریدا هەڵبەتە خەڵک بۆچوونیان وەک یەک نییە، هەرکەسێ پاراوی و ئاسانی وشە و دروستی شێواز و جوانی دەربڕین و شیرینی پێ پەسەندە،

ئەوا بحتری بە شاعیرتر دادەنێ، هەرکەسێکیش مەیلی بەرەو سەنعەت و سەنعاتکارییە و لە شیعردا بەدوای مانادا بگەڕێت کە بەبێ ڕامان و بیرکردنەوەی قووڵ ناتوانرێ بەدەست بهێنرێت، ئەوا بەناچاری ئەبو تەمام بە بەرزتر دەزانێت))(الامدی، ١٩٥٤: ص ٣) .

٢. هێشتا ئاگری دوژمانەیتی نێوان هەوادارانی ئەبو تەمام و البحتری ئەوەند کز نەبووبیەوە، ململانێیەکی دیکەی گەورە لەسەر شاعیری بەرزی عەرەب (ابو طیب المتنبی) هەڵگیرسا کە لە شیعرەکانیدا ناوەڕۆکی تازە و ئامرازی بێ پێشینەی بەکاردێنا، بەڵام بەهۆی ستایشکردن و شانازی کردن بەخۆی و لوت بەرزیەوە کەوتە ناو گێژاوێکی گەورەوە، لەبەر ئەوە ئەهلی ئەدەب لەو سەردەمەدا بوو بوون بە دوو گروپ لێرەوە گروپێکیان لەدژی ڕاپەڕین و شایعرەکانیان بە لاواز و دزراو وەسف دەکرد، هەندێکیش زێدەڕەویان کرد لە پیادا هەڵگوتن و باش ژماردنی شیعرەکانی و لە هەموو شاعیرێکی ئەو سەردەمە بە بەرزتریان دادەنا(زرین کوب ، ١٣٩٠، ص ٣٠٠)، لەو سەرو بەندەدا (صاحب بن عباد) وەزیر و ئەدیبی ئەو سەردەمە نامیلکەیەکی نووسی بەناوی (الکشف عن مساوئ شعر المتنبی ) ( بروانە: العمیدی،١٩٩٧)، لە پڕۆژەیەکی هاوسەنگیدا ڕق و کینەی دڵی خۆی پیادا هەڵڕشت .

هەروەها (ابو سعید محمد بن احمد عبیدی) کتێبی (الابانه عن السرقات المتنبی لفظا و معنی) ی نووسی و تێیدا ڕەخنەی لەوانە گرتووە کەوا بیردەکەنەوە کە شیعری (المتنبی) لە ڕووی ناوەڕۆکەوە گشتی داهێنان و ڕەسەنایەتی خۆیەتی، عوبیدی لەو کتێبەدا بە پڕۆژەیەکی هاوسەنگی ئەو دزیکاریانە دەخا ڕوو کە موتەنەبی لە شاعیرانی وەک (ابو تمام و البحتری و ابن رومی و بشار و ابو العتاهیة) کردوویەتی .

هەروەها (ابو علی حاتمی بغدادی م.٣٨٨)(بروانە: الحاتمی ،١٩٦٥)چەند نامیلکەیەکی لە بارەی زکرەیاتەکانی موتەنەبی نووسیوە و لە یەکیاندا زۆربەی وتەکانی بە وەرگیراوی گوتەکانی ئەرستۆ دەزانێت .

هەرچی (قازی گورگانی – ابو الحسن علی بن عبدالعزیز ٣٦٢م)یە ئەوا بەهۆی نزیکایەتی لە (صاحب بن عباد)ەوە، لەو کاتەی کە (صاحب) نامیلکەی

خـۆی نووسـی کتێبێکـی نـووی لـەژێر نـاوی (الوسـاطة بـین المتنبـی و خصـومە)(بروانە: الجرجـانی, ١٩٩٩) لـەو نامیلکەیـەدا لـەو باوەڕەدایـە، کـە پێویسـتە لـەنێوان دزیکـاری و هاوبەشـی لـە مانـادا جیـاوازی بکرێـت، ئـەو دزیکاری بە دەردێکی کۆن دەزانێت و لەو باوەڕەیە، کە هەمیشە شاعیران سـوودیان لـە بیرۆکـەی یـەکتر وەرگرتـووە، لـە بـارەی کـەموکوڕیـەکانی (المتنبی)یشەوە پێیوایە کە هەر سانیع و دروستکەرێک کەموکوڕیەکی فیتری هەیە هیچ وشەیەک نییە لە کەموکوڕتی خاڵی بێت و بیرو باوەڕی مرۆڤیش بەردەوام وەک خۆی نییە(زرین کوب ، ١٣٩٠، ص ٣٠٢ – ٣٠٤)، (ابن الاثیر) لە کتێبی (المثل السائر فی ادب الکاتب و الشاعر)دا هاوسەنگی دەکات لەنێوان ئـەبو تـەمام و موتەنـەبی و بوحتریـدا ئـەفزەڵیان دەکـات بەسـەر تـەواوی شاعیرانی سەردەمی خۆی و موتەنەبی و ئەبو تەمام بە حەکیم و بوحتەریش بە شاعیر دادەنێت (ابن الاثیر،١٩٩٥: ل ٣٢٥).

بـەم شـێوەیە ڕوون دەبێتـەوە کـە ڕەخنـەی هاوسـەنگی لای یۆنانیـەکان لـە سەرەتادا بە مەبەستی شکاندنی شکۆی شانۆگەری تراژیدیا هاتۆتە کایەوە و ئەوەندەی پەیوەندی بە شکاندنی شکاندنی توخمە ئەدەبی و کەسایەتیەکان هـەبووە ئەوەنـدە بـە مەبەسـتی بـەرەو پێش بردنـی ڕەوتـی ئـەدەب و ڕەخنـە نـەبووە لای عەرەبـەکانیش بەهـەمان شـێوە زیـاتر ڕەخنـەی هاوسـەنگی بـە مەبەستی هەڵدانەوەی پەردە بووە لەڕووی دزیکاریە ئەدەبیەکان و داشۆرین و شکاندنی ناوبانگی ئەو شاعیرانەی کە لەو سەردەمەدا لە پلەیەکی باڵای ئەدەبیاتـدا بـوون، هـەروەها زیـاتر لـە ڕۆڵێکـی واتـایی و ڕەوانبێژییـەوە بـۆ هاوسـەنگی ئـەدەبی چـوون، زیـاتر لـەوەی پشـت بـە ئامرازەکـانی دیکـەی ناوەڕۆک و ڕوخساری دەقە ئەدەبیەکان ببەستن (ابن الاثیر، ١٩٩٥: ل ٣٢٥).

## چەمک و زاراوە و پێناسەی هاوسەنگی ئەدەبی :

چـەمکی هاوسـەنگی ئـەدەبی بریتیـە لـە بـەراورد کردنـی نێوان ڕەگـەزەکانی ئەدەب و هونەرەکان ، یا سەردەم و نووسەران بە مەبەستی ڕوونکردنەوە و پاڵپشتی کردن، یاخود هاوسەنگی ئەدەبی بریتیە لە ڕوو بەڕووکردنەوەی ئەو

دەقە ئەدەبیانەی کە لەنێو زمانی نەتەوەیەکدا ئەنجام دەدرێت(حەوێزی و صلیوە،٢٠١٥ : ل ٩٠ – ٩١)، هەندێکیش چەمکی ڕەخنە لە هاوسەنگیدا کورت دەکەنەوە و پێیان وایە کە ((ڕەخنەی ئەدەبی لە کرۆکیدا، بریتیە لە هاوسەنگیەکی وورد لە نێوان خود و بابەت و شێوازدا))( الغفاری، ٢٠٠٣، ص ٢٩)ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە بنەڕەتی ڕەخنە بریتیە لە پرۆسەی هاوسەنگی کردنی نێوان دەقەکان لەو سێ بابەتە، بەڵام چەمکی ڕەخنە لە ڕاستیدا زۆر فراوانترە لە هاوسەنگی، چونکە ڕەخنە جگە لە هاوسەنگی کردنی نێوان دەقە ئەدەبیەکان چەندان کاری تریش ئەنجام دەدات، کە هاوسەنگی ناتوانێت بێ ڕەخنە پێیان بگات، واتە دەشێ بگوترێت، کە هاوسەنگی ئەدەبی بەشێکە لە ڕەخنەی ئەدەبی، بەڵام بە پێچەوانەوە وتەیەکی دروست دەرناچێ .

(د.خوسرەو فەرشید وەرد) لە کتێبی (ڕەخنەی ئەدەبی) لە بارەی هاوسەنگی ئەدەبیەوە دەڵێت ((هاوسەنگکردنی نێوان دوو شاعیر ،کە تەنانەت لەیەک کاتیشدا ژیابن و بێ ئاگابن لە یەکتری و تەنیا هاوبیری، یاخود زمانێکی هاوبەش لە نێوانیاندا هەبێت دەگوترێت ڕەخنەی هاوسەنگی))( ورد ، ١٣٦٣: ص ١٨)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە هاوسەنگی ئەدەبی لە بنەڕەتدا دەبێت پشت ببەستێت بە زمانێکی دیاریکراو، بە واتایەکی دیکە مەرجی هەبوونی هەمان زمان لەنێوان ئەو دوو دەقەی هاوسەنگی لەنێوان دەکرێت یەکێکە لە بنەڕەتەکانی پرۆسەی هاوسەنگی ئەدەبی، لە لایەکی تر دەشێ لە هاوسەنگیدا شاعیرەکان هیچ کاریگەریەکی ڕاستەوخۆ، یاخود ناڕاستەوخۆ، یاخود هیچ ئامرازێکی گواستنەوەی لایەنەکانی دەقێک بۆ دەقەکەی تر لەنێوانیاندا نەبێت، بەڵکو تەنیا لێکچوونەکە لەسەر بنەمای ڕێکەوت بووبێت .

(د.زکی مبارک) هاوسەنگی ئەدەبی دەبەستێتەوە بە ڕەخنە و وەسف لەو بارەیەوە دەڵێت ((هاوسەنگی جۆرێکە لە ڕەخنە، جۆرێکیشە لە وەسف، لەو ڕووەوەی کە هاوسەنگی دەکات لەنێوان دوو شاعیر و وەسفی هەردووکیان دەکات و بەرهەمەکانیان بە شێوەیەکی وورد نیشان دەدات))( مبارک، ٢٠١١: ص ٢٣)، کەوابێ هاوسەنگی ئەدەبی جۆرێکە لە ڕەخنەی وەسفی، کە

شیکارکردن و وەسفکردنی بەرهەمی نووسەران ئەنجام دەدات و لە ڕێگەی ئەوەو شیکردنەو و نیشاندانەوە شۆڕ دەبێتەوە بۆ دیوە تاریکەکانی دەقەکان و بۆ خوێنەری ئاشکرا دەکات، لە ڕێگەی ئەو ئاشکرا کردن و نیشاندانەشەوە ڕەخنەگر لە کۆتایدا دوا بڕیاری ڕەخنەیی لەنێوان دەقەکان دەدات .

((هاوسەنگی بەراوردکردنێکە لەنێوان هەموو ڕەگەزەکان، کە لە سیفاتی گشتیاندا وێکچوونێکی ڕەها و نزیکاییەتی ڕێژەیی زۆرینە کۆیاندەکاتەوە، لە ئەدەبیشدا دیمەنێکە لە دیمەنەکانی ڕەخنەی پراکتیکی))( بوجرة ،٢٠١١: ص ٩٤) ، لێرەشدا مانای هاوسەنگی ڕووبەڕێکی فراوانتری ڕەخنەیی وەردەگرێت، کە خۆی لە شیکارکردن و لێکۆڵینەوەی گشت ڕەگەزەکانی دەقە ئەدەبیەکان دەبینێتەوە، کە خراونەتە تای تەرازووی هاوسەنگی ئەدەبیەوە، هەروەها جۆرێکە لە دەرچوون لە ڕەخنەی تیۆری، بەو واتایەی کە پێویستە گشت هاوسەنگکردنێکی ئەوەی لەسەر بنەمای خستنە ڕووی دەقەکان و نیشاندانیان بنیاتنرابێت، ئەگینا بە پرۆسەیەکی ڕەخنەیی هاوسەنگی ئەدەبی هەژمار ناکرێت .

سەبارەت بە زاراوەی هاوسەنگی ئەدەبی (الموازنە الادبیة)ش، ئەوا لای عەرەبەکان تا گەیشتۆتە چەسپاندنی زاراوەی ناوبراو کۆمەڵێک زاراوەی دیکە بوونیان هەبووە، واتە بە پێی قۆناغەکانی ئەدەبی عەرەبی لە سەردەمە جیاوازەکاندا، زاراوەی هاوسەنگیش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، کە لێرەدا هەندێک لەو زاراوانە دەخەینە ڕوو :

١ـ المفاضلة: بەواتای فەزڵ کردنی شتێک، یاخود بەچاک ژماردنی شتێک بەسەر شتێکی دیکەدا دێت.

٢ـ المقایسة: واتا پێواندنی شتێک بە شتێکی دیکە .

٣ـ الوساطة: میانگەری: واتە نێوەندگیری لە نێوان دووشت بێ ئەوەی ئەو کەسە کە خۆی بە کارەکە هەڵدەستێت لایەنگیری یەکێکیان بکات .

٤ـ الموازنة(Parallel): واتە هاوسەنگی، یاخود دانانی دوو شت لە تاکانی تەرازوودا، کە سەرەنجام یەکێکیان قورستر دەبێت لەوەی تریان .

(طارم، ١٣٨٨: ص ٨٤) .

هەروەها (توفیق الزیدی) لە بارەی (الموازنة)ەوە ڕای وایە، کە هاوسەنگی ئەدەبی دیاردەیەکی ئەدەبییە و دیاردەی ئەدەبیش بەباز ڕەقە (طفرة) دروست نابێت، بەڵکو لەسەر بنەمای گەشەسەندن و فراژی (التطور) دەبێت، بۆیە لە سەرەتادا (الطبقة) هەبووە و دواتر (المفاضلة) و پاشان (الموازنة) هەروەها لە ڕووی زەمەنیشەوە کتێبی (الطبقات) ماوەیەکی زۆر لەپێش ئەوانی ترەوە دانراوە، ئەو سێ شێوەش دەشێ پەیوەست بکرێت بە ئاستەکانی وەرگرتنی دەقی ئەدەبی لە کەلەپووری ڕەخنەیی کە بریتین لە ئاستی هەڵچوونی و ئاستی تەفزیل کردن و ئاستی ڕەسەنایەتی(بوجره ، ٢٠١١: ص ٩٦)، هەندێکجاریش لەنێو لێکۆڵەرانی ئەدەبی عەرەبی و فارسیدا ئەم زاراوەیە لەبری ئەدەبی بەراورد بەکاربراوە، بەڵام بە پێی بۆچوونی (د.محمد غونەیمی هیلال) تێکەڵاوکردنی هەردوو زاراوەکە کردەیەکی هەڵەیە، یاخود بەکاربردنی زاراوەی (الموازنة) لەبری (المقارنة) یەکجار هەڵەیە، چونکە ئەدەبی بەراورد جیاوازی زۆرە لەگەڵ ئەدەبی مێژوویی و هاوسەنگی ئەدەبی، هاوسەنگی زۆربەی کات بریتیە لە چێژ و پەیوەستی دەمارگیری و لایەنێکی دیکەی نییە و کەمتر وا ڕێک دەکەوێت، کە بێلایەنی و داوەریکردنی تێدا ڕەچاو بکرێت(هلال، ١٩٨٧: ص ٩٢ – ١٠٢)، ئەم زاراوەیە لە زمانی کوردیدا بە دوو شێوە وەرگێڕدراوە و لە ناوەندە ئەکادیمیەکاندا بەکاردەبرێت ئەوانیش (بەرامبەری ئەدەبی) و (هاوسەنگی ئەدەبی)یە، کە ئەوەی دووەمیان بۆ یەکەمجار (د.عادل مەجید گەرمیانی) لە وتارێکدا بەناوی (بەرەو قوتابخانەی بەراوردی ئەدەبی کوردی) یدا لە ژمارە (٥٥)ی گۆڤاری (ئێستا)دا بەکاری هێناوە، بەڵام لە هیچ یەکێک لە فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەبی کە بە زمانی کوردی نووسراون تا ئێستا ئەو وشانە بەرچاو ناکەون بەڵکو تەنیا لە نێوەندی زانکۆکان وەکو وانەیەک لە چوارچێوەی ئەدەبی بەراوردا دەخوێندرێت .

**میکانیزمەکانی هاوسەنگی ئەدەبی :**

هاوسەنگی ئەدەبی وەکو کردەیەکی ڕەخنەیی پراکتیکی لە چوارچێوە و بنچینەی کارەکەی خۆیشیدا پشت بە کۆمەڵێک ئامراز و کەرەسەی ڕەخنەیی

دەبەستێت لە پێناوی شیکردنەوەی ئەو دەقانەی کە هەڵبژێردراون بۆ پرۆسەی هاوسەنگیەکە، هەروەها ڕەخنەگری بواری هاوسەنگی پێویستی بە شارەزاییەکی وورد هەیە لەو بوارەی کە دەیەوێت هاوسەنگیەکەی تیادا بکات، بەو واتایەی کە هەندێ بنەما و بنچینەی تایبەت هەن لەو جۆرە ڕەخنەیەدا، کە پێویستە ڕەچاو بکرێت وەکو میتۆدێک بۆ ئەوەی پرۆسەی ڕەخنەکە بەشێوەیەکی ئەکادیمی بڕوا بەڕێوە .

(د.زەکی مبارک) لەو باوەڕەیە کە پێویست دەکات هاوسەنگی ئەدەبی لەسەر پێنج بنچینەدا ئەنجام بدرێت ئەوانیش بریتین لە:

١- پەیامی شاعیر و چەندێتی سەرکەوتنی تیایدا .

٢- وشەکان و ئەوەی پەیوەندی بە وشەوە هەیە (وەک مۆسیقا و کێش و سەروا) .

٣- مانا و ئەوەی پەیوەندی بە ماناوە هەیە (وەک ڕاستگۆیی و سۆز و خەیاڵ ...) .

٤- بابەت و مەبەستەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان .

٥- ئەو لایەنە دیاریکراوەی، کە شاعیر تیایدا بەناوبانگە وەکو یاسا و شانازی و ستایش و غەزەل(حسن ،١٩٥١ : ص ١٧).

هەروەها سەبارەت بە مەرجەکانی ڕەخنەی هاوسەنگیش (د.زکی) بە پێویستی دەزانێت کە ڕەخنەکە بونیاتنرابێت لەسەر ڕێسایەکی ڕوون و ئاشکراو لایەنی شاراوەی تێدا نەبێت، بۆ ئەوەی ڕەخنەگر باوەڕ بە خوێنەر بکات و ڕەخنەکەشی کەرەسەیەکی نوێ بێت لە نواندندا(مبارک ، ٢٠١١: ص ٥٩)، سەرباری ئەوەی کە ڕەخنەگری هاوسەنگی ئەدەبی پێویستە لەسەری کە دەروونی خۆی پاک بکاتەوە لە گشت لایەنگیریەکی مەبەستدا، چونکە هاوسەنگی ئەدەبی لە بنەڕەتدا بۆ فراوانترکردن و دەوڵەمەندکردنی ئاسۆکانی ئەدەبی نەتەوەیی و زیاتر ڕوونکردنەوەی هەندێ لایەنی شاراوەی نێوان دوو دەقە لە سنووری ئەدەبێکدا، کە هەندێ جار خوێنەر بەلایەوە پەنهان و ناڕوونە، بۆیە مامەڵەکردن بە پێچەوانەی ئەو ڕەوتە مەبەستە سەرەکیەکەی ڕەخنەی هاوسەنگی وون دەکات و سەریش لە خوێنەر دەشێوێنێت لە جیاتی

ئەوەی ڕێنمای و ڕێگە نیشاندەری بێت، سەرباری شێواندنی ڕاستیەکانیش کە دەبنە بنەمای ئەوەی ڕەخنەکەی ڕەخنەگر بە هیچ شێوەیەک ڕەخنەیەکی نەمر دەبێت .

هەرچی قۆناغەکانی هاوسەنگی کردنەن ئەوا (ئیسماعیل خلباص) لە نامەی ماستەرەکەیدا سێ قۆناغی دەستنیشان کردووە:

قۆناغی یەکەم: قۆناغی ئاشکراکردن بەهۆی بەراوردکرن و بەدواداچوون و پێوانە .

قۆناغی دووەم : قۆناغی ئامار کە لەماوەی هاوسەنگی کردنەکە دەبێت .

قۆناغی سێیەم : قۆناغی بڕیاردان کە لەماوەی تەفزیلکردنەوە دێت(خلباص ، ١٩٨٩: ص١٨).

هەریەک لەم قۆناغانە بەشێوەیەکی زنجیرەیی بەدوای یەکدا دێت و ڕۆڵیان دەبێت لە ئەنجام و دوا بڕیاری ڕەخنەیی ڕەخنەگر بە شێوەیەکی هەمیشەیی .

سوودەکانی ڕەخنەی هاوسەنگی:

هاوسەنگی ئەدەبی وەکو جۆرێک لە جۆرەکانی ڕەخنەی ئەکادیمی سوودی تایبەتی خۆی هەیە بۆ سەر ڕەوتی ڕەخنەی ئەدەبی نەتەوەیی ئەمەیش لەبەر چەند هۆکارێک لەوانە :

١ـ بەهۆی ڕەخنەی هاوسەنگییەوە خوێنەری دەقەکان ناسنامەی کەسایەتی نووسەرەکانی بۆ دەردەکەوێت، ئەویش لە ئەنجامی ئەو کارلێکە هونەریانەی کە لەنێوان نووسەرەکاندا ڕوویداوە، یاخود بە شێوەیەکی دیکە لە ئەنجامی ئەوەی کە ڕەخنەگری هاوسەنگی دەریدەخات کە نووسەرەکان تا چ ئەندازەیەک لە سنووری ئەدەبی نەتەوەیی خۆیان سوودیان لەیەکتر وەرگرتووە خوێنەر دەگاتە ئەو حەقیقەتەی کە تا چەند ئەوەیە بەکەمی شایەنی ئەوەیە لە نێو خۆیدا ئاڵوگۆڕ بکرێت و سوودی نەتەوەیی لێوەربگرێت .

٢ـ لە ئەنجانی ڕەخنەی هاوسەنگیدا خوێنەر زیاتر ئاشنا دەبێت بە ئاستی داهێنانی دەقە نەتەوەییەکان، لەبەر ئەوەی ڕەخنەگری هاوسەنگی ئەدەبی لە

پرۆسـەی هاوسـەنگیدا بۆی ڕوون دەكاتـەوە، كـە تـا چ ئەندازەیـەک داهێنـانی نووسەرەكان ڕەسەنایەتی و وەرگرتنی تێدایە .

٣ــ سـوودێكی تـری ڕەخنـەی هاوسـەنگی نیشـاندانی ڕاددە و پابەنـدێتی نووسـەرانە بـە كـەلتور و فەرهـەنگی نەتـەوەیی نووسـراو یـاخود نەنوسـراو ئەمـەش بەتایبـەت لـەدوای شەسـتەكانی سـەدەی ڕابـردوو لـە ئـەنجامی دەركەوتنی شەپۆڵە ڕەخنەییە ئەوروپیەكاندا سەری دەرهێنا .

٤ـ سوودێكی دیكەی هاوسەنگی ئەدەبی بەتایبەت بۆ سەر ئەدەبی نەتەوەیی هێنانەدی ئەو نووسەرە بە ڕەگەز نەتەوەییانە كە بەزمانی دیكە بەرهەمیان نووسیوە بۆ نێو ڕەوتی مێژووی ئەدەبی كوردی، بەو مەرجەی كەشوهەوای دەقەكانیان لە سنوری ئەدەبی نەتەوەی خۆیان لاینەدابێت .

**پێگەی هاوسەنگی ئەدەبی لە قوتابخانەكانی بەراورد دا :**

بەراوردی ئەدەبی، یا ئـەدەبی بـەراورد لـە سادەترین پێناسـەیدا بریتیـە لـە ((بڕیـاردان لەسـەر لێكچووەكـان و جیاوازیـەكانی نێـوان دوو كتێـب، یـا دوو دیمەن، یا دوو بابەت، یا دوو لاپەڕە، لەنێوان دوو زمـان یـان زیـاتر، هـەروەها خـاڵی گرنـگ، كـە پێویسـتە ئامـاژەی بـۆ بكرێت دەرخسـتنی كاریگـەری و وە رگرتن و لایەنەكانی دیكەیە))( تیجم،١٩٤٦ : ص٢٠)، لە پرۆسـەی بـەراوردا كـە گشـتگیرترە لـە هاوسـەنگی ئـەدەبی لەسـەر ڕەخنـەگر مەرجـە گشـت لایەنـە جیـاواز و لێكچوەكـانی دەقـەكان ئاشـكرا بكـات هـەروەها بـەدوای كەناڵـەكانی گواستنەوەی ئەو كاریگـەری و وەرگرتنانـەدا بگـەڕێت كـە ڕوویانداوە لـەنێوان ئەو دوو شتەی، كە بەراورد دەكرێت .

پەیوەنـدی هاوسـەنگی بـە بـەراوردی ئـەدەبی دەوەسـتێتە سـەر چـەمكی بـەراوردی ئـەدەبی لـە قوتابخانـەكانی بـەراوردا، چونكـە هـەر قوتابخانـەو ئاراستەیەک چەمكێكی تایبەت و جیایی هەیە لەوەیتر، بۆیە بە گۆڕانی چەمكی بەراورد پەیوەندی نێوان هاوسـەنگی و بـەراوردیش دەگۆڕێت، بـە نمونـە لـە قوتابخانـەی فەرەنسـیدا پرۆسـەی بـەراوردكاری لەسـەر بنـەمای بـوونی پەیوەنـدی مێژوویـی و پەیوەنـدی خزمایەتیـە جیاوازەكـانی نێـوان ئەدەبـەكان ئەنجام دەدرێت(مبروک، ٢٠٠٦: ص١٤)، ئەمەش ئـەوە دەگەیـەنێت، كـە مـەرجی

سـەرەکی پرۆسـەی بـەراوردکاری نێـوان ئەدەبـەکان ئاگـاداربوون و بـوونی پەیوەندیـەکی ئاشـکرای مێژوویـیە لەگـەڵ یـەکتردا، سـەرباری ئـەوەی کـە لـە قوتابخانـەی فەرەنسـیدا کاتێـک زمـان لـە دوو ئەدەبـدا یـەک بێـت بـۆ نمونـە (ئەدەبی ئەمریکی و ئەدەبی ئینگلیزی) ئەوا هەرجۆرە بەراوردکردنێکی ناچێتـە ناو خانەی ئەدەبی بەراورد کاریەوە(کفافی، ٢٠١٣: ل ٥١)، ئەمـەش لـە خـودی خۆیدا سـەلمێنەری ئـەو ڕاستیەیە کـە ئـەو دوو خاڵـەی سـەرەوە، کـە بـوونی پەیوەندی مێژوویی دەرەکی ئەدەبەکان بەیەکتر و زمـانی جیاوازی نێوانیان، وادەکات کە لە قوتابخانەی بەراوردی ئـەدەبی فەرەنسیدا بە هیچ چەشنێک هاوسەنگی ئەدەبی جێگەی نەبێتەوە، چونکە هاوسـەنگی ئـەدەبی لـە سنووری ئـەدەبی نەتـەوەیی تێپـەڕ ناکـات لەلایـەک، لەلایـەکی تـریش بەتـەنیا زمانێـک نووسـراوە، نـەوەک بـە دوو زمـانی جیاواز، ئەمـەش گـەورەترین ڕەخنەیـە کـە ئاراستەی قوتابخانـەی فەرەنسـی کراوەتـەوە، چونکـە لـەو ڕێگەیـەوە بەشـێکی زۆری پەیوەندیە ناوەکیەکانی ئەدەبی نەتەوەیی فەرامۆش کردووە، هـەر بۆیـە (ئیـف شـیفریل) لـە کتێبەکەیـدا گەیشـتۆتە ئـەو بـاوەڕەی، کـە پێویسـتە چـاو بخشـێنرێتەوە بـە پێناسـە و چـەمکی ئـەدەبی بـەراورد بـە جۆرێـک، کـە ئـەو سـنوورە سـەربازیانەی دانـراوە بەنموونـە لـە ڕووی کـەلتوری و زمـانی جیـاوازەوە بشـکێنرێت، کـە گـەورەترین گرفـت و تەگـەرەن لەبـەردەم ئـەدەبی بەراوردا(شفریل، ٢٠١٣: ٥٧ – ١٧) .

لە دوای جەنگی جیهانی دووەم قوتابخانەی بەراوردی ئـەدەبی ئـەمریکی وەک کاردانـەوەیکی تونـدی پەیوەنـدی مێژوویـی و زمـانی جیـاواز و سـێنترالیزمی ئەوروپی هاتـە کایـەوە، پرۆسـەی بەراوردکاری لـەو قوتابخانـەیەدا چـەمکێکی گشتگیرتر دەگرێتـە خـۆی و زۆربـەی زۆری لایەنـەکانی دەقی ئـەدەبی دەچنـە ژێـر بـاڵی ئـەو سـەرنجانەی کـە قوتابخانەکـە داینـاون، واتـا ئـەو فراوانیـەیی چەمکەکە هەر لە زمانەوە، کە لەو قوتابخانەیەدا بەراوردکردن لە چوارچێوەی تاکـە زمانێکـدا دروسـتە، چونکـە بـەپێی جیـاوازی بـارودۆخی کۆمەڵایـەتی و ژینگەکانیان بۆچوونەکانیان جیاواز دەبێت بابـە زمـانێکیش نووسرابن(شـوان ، ٢٠١٤: ل ٩٨)، بەڵام دیسان ئـەوەی جێگـەی سـەرنج و باسـە جیـاوازی ئاسـتی

کەلتووری کراوەتە مەرجێک لە پرۆسەی بەراوردکاریدا، واتە دەبێت ئەو دەقەی کە بەراورد دەکرێت ئەگەر بە زمانێکیش نووسرابن کەلتور و فەرهەنگی نووسەرەکان جیاوازبن لەیەکتری وەک ئەدەبی ئەمریکی و ئینگلیزی، یاخود فەرەنسی و سویسری، بۆیە هەرچەندە ئەوە نیمچە چارەسەرێکی بۆ هاوسەنگی ئەدەبی کرد، بەلام نەیتوانی بەیەکجارەکی کێشەکە بنبڕبکات، هەروەک چۆن نەیتوانی هەموو کەلتورێک لە جۆری فۆلکلۆر و نەنوسراو بخاتە ژێر باڵی خۆیەوە، کە کەرەسەی باشی هاوسەنگی ئەدەبین چارەسەر بکات.

لەبەر ئەوە هاوسەنگی ئەدەبی ئەگەر جێگەشی ببێتەوە لە قوتابخانەی بەراوردی ئەدەبی ئەمریکیدا ئەوا دەستبەرداری گەورەترین سوود و ئەرکی خۆی دەبێت، چونکە بەراوردکردنی دوو نووسەری زمان جیاواز لە دوو کەلتووری جیاواز بە هیچ شێوەیەک خزمەتی ئەدەبی نەتەوەیی ناکات بەو شێوەیەی کە هاوسەنگی ئەدەبی خوازیاری سوود پێگەیاندنیەتی، لەبەر ئەوە دەبینین بە کەڵەکە بوونی ئەو کێشانە و چارەسەر نەکردنیان لەلایەن قوتابخانەکانی بەراوردەوە، هاوسەنگی ئەدەبی تاوەکو ناوەڕاستی شەستەکان پوکانەوەیەکی مەزنی بەخۆیەوە بینیوە و سنوور و ئامانجی لێکۆڵینەوەکانی ڕوون نەبوون و لێکۆڵەرانیش ئەوەندە ڕوویان تێنەکردووە، بەلام پەیدابوونی شەپۆلە ڕەخنەییە ئەوروپیەکان لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردودا بەتایبەتیش شەپۆلی (دەقاوێزان)ی (کریستیڤا) و (هێرۆمۆنیتیکا)ی (ئایزەر و یاوس) بە هۆکاری ڕێگە خۆشکەر دادەنرێن بۆ ئاوەڕدانەوە لە لێکۆڵینەوەکانی هاوسەنگی ئەدەبی و چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەی کە قوتابخانەکانی بەراوردی ئەدەبی فەرەنسی و ڕووسی و ئەمریکی لەدوای خۆیاندا بەجێیان هێشتبوون .

**پێگەی هاوسەنگی ئەدەبی لەشەپۆلی ڕەخنەیی(دەق ئاوێزان)دا :**

لەدوای هاتنە پێشەوەی بیردۆزەکانی وەرگرتن و دەقاوێزان تەفسیرێکی باشی دراوە چەکی کاریگەری و کارتێکردن، بە بۆچوونی (جولیا کریستیڤا) پرۆسەی دەقاوێزان بریتیە لەوەی کە دەق ئامادەی دابەشکاری و ڕوخاندن،

یا بونیاتنانی دەقی هاوچەرخ، یا دەقەكانی پێش خۆیەتی، دەقی ئەدەبی دیاردەیەكی لاتەریک و گۆشەگیر نییە، بەڵكو كەشكۆڵێكە لە وتەكان و گشت دەقێک بریتیە لە گواستنەوە و هەڵمژین و تێكەڵبوون لەگەڵ كۆمەڵێ دەقی دیكەدا(بو جمعة، ٢٠١٥: ص٢٧)، كە بێگومان لێكدانەوەیەكی لەو جۆرە واتایەكی نوێ بە دەقی ئەدەبی دەدات لەلایەنی كاریگەری و كارتێكردنەوە، چونكە ڕوانینێكی لەو جۆرە تایبەت نابێت بە تاقە دەقێكەوە، بەڵكو دەبێتە تایبەتمەندی گشت دەقێكی ئەدەبی، واتە لایەنی كارتێكردن و كاریگەریەتی كە پێشتر پشتی پێدەبەسترا لە قوتابخانەكانی بەراوردی فەرەنسی و ڕوسیدا ڕەسەنیەتی نووسەری كاتێكراو كەم دەكەنەوە لە دیمەنێک نیشانی دەدەن، كە لاسایی نووسەری بیانی كردۆتەوە، ئەگەر وا نیشانی نەدەن كە دزیكاری ئەدەبی كردووە، هەروەها لایەنێكی نێگەتیڤ دەدەن بە ئەدەبەكە ئەگەر هاتوو لە هەڵوێستێكی كارتێكراو نیشانیاندا نەوەک كاریگەر، سەرباری ئەوەی كە ڕۆڵێكی داهێنەرانە دەدەن بە كارتێكەرەكە(عبود،١٩٩٩ : ص١٧)، بەڵام بەهۆی ئەو تەفسیرە نوێیەی ڕابەرانی شەپۆلی (دەقاوێزان) دەق لەو چوارچێوە تەسكەی كاریگەری و كارتێكردن، كە پێشتر بۆی دانرابوو دەردەچێت و دەبێتە زیندەوەرێک كە هەمیشە ئامادەی وەرگرتن و بەخشینە، واتە گشت دەقێک دەبێتە بنچینە بۆ دەقی دیكە و هەمووو دەقێكیش هاوبەش دەبێت لە وەرگرتن و بەخشینی بەردەوامەوە، بەو جۆرەش دەق دەبێتە یەكەیەكی نا سەربەخۆ كە هەمیشە لە پەیوەندی دەرەكیدایە لەگەڵ دەقی دیكەدا .

هەروەها (ڕۆلان بارت) كە یەكێكی دیكەیە لەوانەی باوەڕیان بە بیرۆكەی (دەقاوێزان) هەبووە، بارت دەق وەكو پارچەیەكی چنراو دەبینێت، كە لە پشتیدا بە شێوازێكی كەم، یا زۆر شتی شاراوە خۆ مەڵاسداوە و داكۆكی ئەو بیرۆكەیەش دەكات، كە دەق لە ڕێگەی ئەو تێكەڵاوییە بەردەوامەدا كاردەكات و شتی دیكە دروست دەكات و تێكستی دیكە لە ناویدون بووە و تواوەتەوە(بارت، ٢٠١١:ل ٧١-٧٢)، لەو ڕێگەیەشەوە دەق لە پەیوەندیەكانیدا بەتەنیا نامێنێتەوە و هەمیشە یەكەیەكی كاتێكەر و كارتێكراوە، ئەم جۆرە سەیركردنەی دەقیش بووە هۆی ئەوەی كە لێكۆڵینەوەكانی بواری هاوسەنگی

ئەدەبی زیاتر پەرە بسەنێت بەتایبەت، چونکە ڕابەرانی دەقاوێزان باوەڕیان بە سنووری زمان و کەلتور و بەرهەمی نووسراو و نەنوسراو نەبوو، بە واتایەکی دیکە ئەوان لەو باوەڕەدان کە کاریگەری و کارتێکردنی دەق دەشێ لە هەریەکێک لەو ڕێگایانەدا ڕوودبدات بە سروشتی بنچینەیی دەقی دادەنێن .

**بەشی دووەم :**

**هاوسەنگی ئەدەبی بە نمونەی شیعری (نالی – ئەدەب – حەریق – قانع- فەنایی)**

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین بە ووردی و بە شێوەیەکی پراکتیکی هاوسەنگی بکەین لەسەر شیعرەکانی نالی (عیشقت کە مەجازی بێ) و سێ شیعری دیکەی هەریەک لە ئەدەب و حەریق و قانیع، کە هەرسێ شیعرەکە لە ژێر سایەی شیعرەکەی نالیدا نوسراون.

سەبارەت بە سوودوەرگرتن و کاریگەری نێوان دەقە ئەدەبییەکان(دالامپێر١٧١٧-١٨٨٢)دەڵێ:((لەسەر هەموو میللەتێک پێویستە وەربگرێ و ببەخشێ، ئەمە حەقیقەتێکی جەوهەرییە بۆ بەرەو پێشچوونی ئەدەب))( غمبار،٢٠١٠: ص١٦١) هەروەها شاعیر و نووسەر ناوداری ئەڵمانی(گۆتێ)دەڵێ: ((هەموو ئەدەبێک ئەگەر تەنیا لەنێو خۆیدا هەناسە بدات بەرەو تەنگەتاوی و کۆتایی دەچێت، ئەگەر بێتوو هەناسەی ئەدەبێکی دیکە هەڵنەکێشێت بۆ داهێنان))( هلال،١٩٨٧: ص١١٠)ئەمەش لەبەرئەوەی دەقی ئەدەبی دیاردەیەکی گۆشەگیر و نامۆ نییە و داهێنانیش لە هەموو بارێکدا دووبارەکردنە و جوینەوەی دەقی دیکە نییە، بەڵکو دەشێ دووبارە کردنەوەی بیرۆکەی کۆن بێت لە قاڵب و فۆرمی نوێدا،بەڵام هەندێجار سەبارەت بە کاریگەری و وێکچوونی دەقەکان بۆچوونی سەیر و نامۆ بەرچاودەکەوێت وەک ئەوەی بەلای کەسەوە ڕەنگدانەوەی کاریگەری نووسەرێک بەسەر نووسەرێکی ترەوە بە عەیبە و دزی لەقەڵم دەدرێ، ئەمەش پەیامی ڕەخنەگری ڕاستەقینە نییە(صالح ،٢٠١٣:ل١٩)، چونکە ئەرکی ڕەخنە شیکردنەوە و سەیرکردنی دەقەکانە و تێکەڵکردنی لایەنی سۆزداری و

لایەنگیری بە لایەنی ڕەخنەوە ئەنجامێكی باشی نابێت بۆسەر ڕەوتی ڕەخنەی ئەدەبی.

هەریەك لە شیعرەكان جیهانبینێكی تایبەت و سەربەخۆیان هەیە و لە شیعریەتی شیعردا تایبەتی خۆیان پاراستووە لەگەڵ هەڵمژینی كاریگەری و كەشو هەوای دقی سەرچاوە، كە بریتیە لە شیعرەكەی نالی، بۆیە هەر شیعرێك لەوانە لەگەڵ شیعری سەرچاوەدا پێویستە بخرێنە تای تەرازووی هاوسەنگی ئەدەبیەوە لە ڕووی بنەڕەتە گشتییەانی شیعرییەوە تا بەچاو نرخی هەر یەكێكیان بە ڕوونی دەركەوێت و ئاستی داهێنانی دەقەكانیش دیاری بكرێن .

**١. لەنێوان شیعری (عیشقت كە مەجازی بێ)ی (نالی)* و (بۆ ئەوكەسەی عیشقی بێ)ی (ئەدەب)*:**

نالی بێجگە لەم شیعرەدا لە زۆر جێگەی دیكەی دیوانەكەیدا بۆتە جێگەی بایەخ پێدان بەلای (میسباح بەگی دیوان)ەوە، هەروەك لە قەسیدەی (دوێ شەوێ شەنبە)شدا زۆر بە ڕوونی ئەوە دەردەكەوێت، كە (ئەدەب) لە ژێر ڕۆشنایی قەسیدەی (مەستورە كە حەسنا و ئەدیبە بە حیسابێ)ی (نالی) نووسیویەتی، هەروەها لە زۆر جێگەی دیكەی دیوانی ئەدەب لێكۆڵەری بواری مێژووی ئەدەبیات هەست بەلایەنی لێكچوون لە ڕووی كێش و سەرواو دەستەواژە و داڕشتنەوە لە نێوانیاندا دەكات .

**١-لەڕووی كێش و سەرواوە:**

---

* نالی : ناوی تەواوی مەلا خدری كوڕی ئەحمەدی شاوەیسی ئالی بەگی میكایلییە لە گوندی خاك و خۆڵ لە ساڵی ١٨٠٠ز لەدایك بووە و لە ساڵی ١٨٧٣ لە مەككە كۆچی دوایی كردووە (دیوانی نالی ,ل٢٣-٢٤)

* ئەدەب: ناوی عەبدوڵڵا بەگی كوڕی ئەحمەد بەگی كوڕی برایم بەگە لە گوندی (ئەرمەنی بلاغ) لە ساڵی ١٨٥٩ لەدایك بووە لە ساڵی ١٩١٦ی زایینی كۆچی دوایی كردووە (دیوان, ل٢٩-٣٥) .

هەردوو قەسیدەکەی نالی و ئەدەب لەسەر یەک کێش هۆنراونەتەوە، ئەویش کێشی (هەزەجی هەشتی ئەخرەب)ە، کە بڕگە و پێیەکانی بەم شێوەی خوارەوەن .

نالی دەڵێ :

عیشقت کە مەجازی بێ ، خواهیش مەکە ئیللا کچ

- - ب ب- - - - - ب ب - - -

مفعول مفاعیلن مفعول مفاعیلن

شیرین کچ و لەیلا کچ و سەلما کچ و عەزرا کچ (نالی ،١٣٨٦: ل١٥٧)

--ب ب - - - --ب ب - - -

مفعول مفاعیلن مفعول مفاعیلن

ئەدەب دەڵێ :

بۆ ئەو کەسەی عیشقی بێ فەرقی نییە کوڕ یا کچ

- - ب ب- - - - - ب ب - - -

مفعول مفاعیلن مفعول مفاعیلن

هەرچەندە کە مەعلوومە فەرقی چییە کوڕ یا کچ (ئەدەب ،٢٠٠٥: ل٨٩)

- - ب ب- - - - - ب ب - - -

مفعول مفاعیلن مفعول مفاعیلن

نالی لە شیعرەکەدا (پاش قافیە)ی (کچ)ی تا کۆتایی شیعرەکەی بەکارهێناوە،

عیشق کە مەجازی بێ ، خواهیش مەکە ئیللا کچ

شیرین کچ و لەیلا کچ و سەلما کچ و عەزرا کچ

ئەدەبیش بەهەمان شێوە تا کۆتایی شیعرەکە کە بریتیە لە (٢٣) بەیت پاش قافیەی (کچ)ی بەکارهێناوە :

بۆ ئەو کەسەی عیشقی بێ فەرقی نییە کوڕ یا کچ

هەرچەندە کە مەعلوومە فەرقی چییە کوڕ یا کچ (ئەدەب ،٢٠٠٥: ل٨٩)

وەک دەردەکەوێ هەردوو شاعیر هەمان پاش قافیەیان بۆ شیعرەکانیان داناوە و تا کۆتایی شیعرەکەش پەیڕەویان کردووە ئەمەش وێکچوونێکە لەسەر بنەمای چاولێکردن و شوێن پێ هەڵگرتن دێتەدی، واتە بەئاگاییەوە

(ئەدەب) لە شیعرەکەی نالی ڕوانیوە، چونکە لایەنی کێش وەکو وێنە نییە بەشێوەیەکی هاوبیری (توارد الخواطر) بێتەدی، بەڵکو پێویستی بە ڕامان و شارەزاییەتی بێهاوتا هەیە لە زانستی عەروزدا، هەروەها لە ڕووی دەنگی سەروا (ڕەوی)یشەوە، هەردوو شیعرەکە تاوەکو دوا دێڕ لەسەر هەمان دەنگ دەڕۆن، کە تیپی (ا)ە، ئەمەش بەهەمان شێوە بریتییە لە سوود وەرگرتنێکی ئاشکرا و ئاگا، چونکە هۆنینەوەی بیست و سێ دێڕ لەسەر یەک دەنگ هەر لەخۆوە نەهاتۆتە دی، بەڵکو خاوەنەکەی ووردبین بووە لە ئاوەڕدانەوە لە بەرهەمی پێش خۆی .

**٢- لە ڕووی بیرۆکەوە :**

هەر دوو شیعرەکەی نالی و ئەدەب لەسەر ئەک مەبەستی هۆنراوەیی نووسراوون، کە عیشقە*، بەڵام نالی تەنیا عیشقی سەرزەمینی بەلاوە پەسندە ، هەرچی ئەدەبە ئەوا بەلایەوە هەردوو جۆری (حەقیقی و مەجازی) جیاوازیەکی ئەوتۆی نییە بۆ مرۆڤی خاوەن عیشق، هەروەها نالی لە شیعرەکەدا (کچ) زیاتر بەلایەوە جوانتر و پەسندترە لە کوڕ، بەڵام ئەدەب هەردوو ڕەگەزەکە بەبێ جیاوازی وێنا دەکات .

**٣-لە ڕووی ڕەوانبێژی و وشە و دەستەواژەوە :**

ئەم جۆرە لێکچوونە زیاتر لە هەر جۆرە هاوبەشیەکی دیکەی نێوان دوو دەقەکە دەردەکەوێت، خوێنەر بە ئاسانی دەتوانێت پەنجە بخاتە سەر واژە

---

* عەشقی مەجازی ئەمەش جۆرە عەشقێکی سەرزەمینیە و تیایدا شاعیر مەعشوقەکەی کەسێکە لە واقیعی ڕۆژانەدا بوونی هەیەو یا لەدەستی داوە, زۆربەی کات لە شیعری کلاسیکی کوردی و نەتەوە ئیسلامیە ڕۆژهەڵاتیەکان شاعیر بەهۆی سەرنەکەوتنی لە عیشقی مەجازی هەڵدەکشێ بەرەو عیشقی حەقیقی هەروەک ئەوەی لای مەلای جزیری لە خۆشەویستی (سەلما) بەرەو خۆشەویستی خودا هەنگاوی ناوە .

عەشقی حەقیقی : جۆرە شیعرێکی لیریکیە و تیایدا شاعیر باس لە خۆشەویستی و جۆرە عەشقێک دەکات, کە مەبەست لێی زاتی پاکی پەروەدگارە و هەندێک جاریش ئەو جۆرە شیعرە بەشێوەیەکی پێچاپێچ تێکهەڵکێشی مەی و مەیخانە و جام و بادە دەکات .

هاوبەش و لێکچواندن و خواستنە پێکچووەکان، تەنانەت لە زۆر جێگەشدا هاوبەشیەکە ئەوەندە زۆر دەردەکەوێت دەگاتە ئاستی دەقاو دەق بۆ نمونە :

نالی :

کورِ وەک گوڵی گوڵزارە ، ئەمما سەمەری خارە

وەک هەنگی چزو دارە ، هەنگوینی موصەففا کچ (نالی ، ١٣٨٦:ل١٥٧ )

ئەدەب :

کورِ یا کچی لالە رِوو ، شیرینە بەم هەردوو

وەک نوقڵی موهەننا کورِ ، وەک شەهدی موصەففا کچ (ئەدەب ،٢٠٠٥: ل٨٩)

هەردوو لێکچواندنەکە یەک جۆر وێنەی لێکچواندنیان دروست کردووە، بێ ئەوەی واتایەکی جیاواز، چونکە نالی کچی لە ڕووی شیرینییەوە بە هەنگوینی پاک (هەنگوینی موصەففا کچ) چواندووە، ئەدەبیش لەسەر هەمان ئاواز کچی بە (شەهدی موصەففا کچ) چوواندووە، تاکە گۆڕانکاری کرابێت وشەیەک لای ئەدەب گۆڕینی (هەنگوین)ە، بە (شەهد) کە ئەم دوو وشەیەش هەمان واتایان هەیە و یەکێکیان کوردی و ئەوەی تریان عەرەبییە .

نالی دەڵێ :

کچ پەرچەمی چین چینە ، دوو مەمکی لەسەر سینە

وەک شانەی هەنگوینە ، بۆ لەززەتی دونیا کچ (نالی ،١٣٨٦: ل ١٥٩)

ئەدەب دەڵێ :

کورِ یا کچی خۆش صورەت ، یەک جەننەتە ، یەک لەززەت

کورِ بۆیی وەکو کەرەسە ، قەد شاخەیی توبا : کچ (ئەدەب،٢٠٠٥: ل٨٩)

وەک دیارە لە هەدردوو دێرەکەدا (کچ) بە لەززەت و چێژی دنیایی دانراوە، بەڵام نالی بەیەکەوە ڕیزی کردوون (لەززەتی دونیا کچ) هەرچی ئەدەبە

سیفەتەکەی خستۆتە کۆتایی وەسفکراوەکە، بە واتایەکی دیکە ئەو ئاوەڵناوەی وەسفی کچی پێکراوە خراوەتە کۆتایی دێڕەکە، کە هەمان دەستەواژەی نالییە لە بنەڕەتدا .

نالی دەڵێ :

کوڕ زیبی دەبوستانە، کچ شەمعی شەبوستانە
بۆ بەزمی تەماشا کوڕ ، بۆ خەڵوەتی تەنها کچ (نالی ،١٣٨٦: ل ١٥٩)

ئەدەب دەڵێ :

کوڕ سەرووی گولستانە ، کچ عوشرەتی مەستانە
بۆ وەقتی تەماشا کوڕ ، بۆ هەنگامی تەوانا کچ (ئەدەب ،٢٠٠٥: ل ٩٠)

لەوەشدا تەنیا وشەیەک لە ڕستەکەی نالی (بۆ بەزمی تەماشا کوڕ) گۆڕدراوە بە (بۆ وەقتی تەماشا کوڕ) واتە ئەدەب تەنها وشەی (بەزمی) گۆڕیوە بە (وەقتی) کە لەواتادا هیچ جیاوازییەک لە مەبەستی گشتی نیو دێڕەکە دروست نەبووە .

نالی (کچ) بە حۆری و (کوڕ) بە غیلمان دەشوبهێنێ و دەڵێ :

جەنەت پڕی ویلدانە ، خادیم هەمووی غیلمانە
خانم کە تێیدا حۆرین یەک ، هەموو حەسنا کچ (نالی ،١٣٨٦: ل ١٦١)

ئەدەبیش بەهەمان شێوە لێیکچواندنی ئەنجام داوە و دەڵێ :

وا خۆشە بەهەر ئانت ، پڕبێ بەشە بوستانت
سەد حۆری و غیلمانت ، غیلمان: کوڕ و حەورا کچ (ئەدەب ،٢٠٠٥: ل٩٠)

نالی کچ بە (زوهرەی زەهرا) دەچوێنێ :

مەە مەە لە مەهی سادە ، یەعنی لە قەمەر لادە

هـەم شـەمس و سـورەییا كـچ ، هـەم زوهـرەی زەهـرا كـچ (نـالی ،١٣٨٦: ل ١٥٨)

ئەدەبیش بەهەمان شێوە كچ بە ئەستێرەی ڕوناك دەچوێنێ :
كوڕ یا كچی خۆش مەنزەر ، یەک پڕتەو و دوو پەیكەر
وەک عەقدی سورەییا كوڕ ، وەک ئەختەری سەڕا كچ (ئەدەب ،٢٠٠٥: ل ٨٩)

نالی كچ بە (مینا) دەچوێنێ :
كوڕ ئاییینەیی حوسنی تاوەک كچە مەنزوور
گرتـی كـە غوبـاری مـوو ، چینـی كـوڕ و مینـا كـچ (نـالی ، ١٣٨٦:ل ١٦٠)

ئەدەبیش كچ بەهەمان شێوە بە مینا دەچوێنێت :
بۆ عەیشی ئەدەب هەردەم كوڕ ماچی مەیی دەرغەم
خەنـدەی كچـە جـامی جـەم ، بـادە كـوڕ و مینـا كـچ (ئـەدەب ، ٢٠٠٥:ل٩٠)

دیـارترین جـۆری وێكچـوون لـە ڕووی ڕسـتەییەوە دووبارەكردنـەوەی نیـوە دێڕێكی سەرەتای شیعرەكەی نالییە لە كۆتایی قەسیدەكەی ئەدەبدا :
نالی دەڵێ :
عیشقت كە مەجازی بێ خواهیش مەكە ئیلا كچ
شیرین كچ و لەیلا كچ و سـەلما كـچ و عـەزرا كـچ (نـالی ،١٣٨٦: ل١٥٧)

ئەدەب دەڵێ :
نالی كە ئەوەی دیبا ئەڵبەتە دەبوو وتبای

عیشقی که مەجازی بێ تالیب مەبە ئیللا کچ (ئەدەب ،٢٠٠٥: ل ٩٠)

بەم شێوەیە جۆرێک لە کاریگەری لەنێوان هەردوو شیعرەکە دەبینرێت و (ئەدەب) هەوڵیداوە بۆ داهێنانی شیعرێک سوود وەربگرێت لەو شیعرەی نالی و شوێن پێی هەڵبگرێت لە ڕووی کێش و سەرواو هەندێ لە هونەرەکانی ڕەوانبێژیەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەدەب دەقاودەق بیرۆکە و ئامرازەکانی نالی دووبارە کردۆتەوە، چونکە ئەگەر بە ووردی سەیری شیعرەکان بکرێت ڕوون دەبێتەوە کە شیعرەکەی ئەدەب زیاتر لەسەر بابەتەکە ڕۆیشتووە و شوێن پەنجەی کەسایەتی شاعیری لە پێوە دیارە بە تایبەتیش لە وەسف و لیکچواندنەکاندا، هەروەها لەچاو ئەوەی نالی کە لە (١٧) دێڕ پێکهاتووە ، ئەوەی (ئەدەب) لە (٢٣) دێڕ پێکهاتووە، هەروەها لە ڕووی دووبارەکردنەوەی وشەییەوە نالی (٢٧) جار وشەی (کچ) و (١٤) جار وشەی (کوڕ)ی بەکارهێناوە، بەڵام (ئەدەب) ئەم فریکوێنسەی بەرز کردۆتەوە بە ڕاددەیەک کە (٤٢) جار (کچ) و (٤٠) جار (کوڕ) ی بەکارهێناوە، ئەمەش جۆرێک لە هاوسەنگی لەگەڵ بیرۆکەی سەرەکی شاعیرەکە هێناوەتە کایەوە، بە واتایەکی دیکە نالی لە شیعرەکەیدا (کچ)ی بە دوو هێندەی کوڕ داناوە هەروەک لە ڕووی بەکارهێنانی وشەیشەوە ئەمەی ئەنجام داوە، بەڵام ئەدەب بە یەکسانکردنێکی نزیک ئەمەی کردووە، لەولا تریش لە ڕووی وەسف و لێکچواندنەوە ئەدەب لێکچواندنێکی زیاتری کردووە لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا کە سەرباری سوود وەرگرتن لە نالی، بێگومان هەندێک لەوانەی بە بیرۆکەی خۆی ئەنجامی داوە .

**٢. (نالی) و (حەریق)* :**

کاریگەری نالی بەسەر حەریقەوە لایەنێکی شاراوە و پەنهان نییە، چونکە لە زۆر شوێنی دیوانەکانیاندا ئەو ڕاستیە هەست پێدەکرێت، یەکێکیش لەو نمونانەی ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت شیعری (عیشقت ، کە حەقیقی بێ) ی

---

* حەریق: ناوی تەواوی مەلا صالحی کوڕی مەلا نەسروڵای زێوێیە و لە ساڵی ١٨٥١ لە گوندی زێوی لەسالی(١٨٥١) لەدایک بووە و لە ساڵی ١٩٠٧ کوچی دوایی کردووە (دیوانی حەریق: ٣٥-٣٦)

(حەریق)ە ، کە لەژێر ڕۆشنایی و سوود وەرگرتن لە شیعری (عیشقت کە مەجازی بێ)ی (نالی)یەوە لەدایک بووە، لێرەشدا بەهەمان شێوەی شیرعەکەی ئەدەب لە کێش و سەروای شیعرەکانەوە دەست پێدەکەین :

نالی دەڵێ :

عیشقت کە مەجازی بێ ، خواهیش مەکە ئیللا کچ

- - ب ب- - - - - ب ب - - -

مفعول مفاعيلن مفعول مفاعيلن

شیرین کچ و لەیلا کچ و سەلما کچ و عەزرا کچ (نالی ،١٣٨٦: ل١٥٧)

--ب ب - - - --ب ب - - -

مفعول مفاعيل مفعول مفاعيلن

حەریق دەڵێ :

عیشقت کە حەقیقی بێ تالیب مەبە ئیللا کوڕ

--ب ب--- --ب ب---

مفعول مفاعيل مفعول مفاعيلن

هەم حەزرەتی لەولا کوڕ ، هەم یوسفی والا کوڕ (حەریق ،٢٠١٢: ل٢٠٥)

--ب ب--- --ب ب---

مفعول مفاعيل مفعول مفاعيلن

هەردوو شیعرەکە لەسەر کێشی (هەزەجی هەشتی ئەخرەب)ن .

لە ڕووی سەرواوە نالی دەنگی سەروای (ا)ی بەکاربردووە، حەریقیش بەهەمان شێوە هەمان دەنگی کردۆتە دەنگی سەروا و تا کۆتایی شیعرەکەی .

لە ڕووی وێنەوە پێویستە ئاماژە بە خاڵێک بکەین ئەویش هەڵگەڕانەوە و بەرپەرچدانەوەیە، کە لە ئەدەبدا پێی دەگوترێت کاریگەری پێچەوانە، ئەویش بریتیە لەوەی کە نووسەرێ یا شاعیرێ بەرهەمی نووسەر و شاعیرێکی دیکە بخوێنێتەوە و بیرۆکە و بیرو ڕاکانی ئەو نووسەرەی بەدڵ

نەبێ و بەرهەمێکی نوێ دابنێت لەسەر هەمان شێواز(گەردی،ئەدەبی بەراوردکاری، ل ٥٩)، بە واتایەکی دیکە شاعیر کاتێ بیرۆکەی شاعیرەکەی دیکە وەردەگرێت هەوڵدەدات شیعرێک لەسەر هەمان ئەو مەبەستەی کە شاعیری یەکەم نووسیویەتی بهۆنێتەوە و تێیدا بیرۆکە سەرەکیەکەی شاعیری سەرچاوەی پێچەوانە بکاتەوە، ئەم جۆرە کاریگەری و سوود لێوەرگرتنەش پڕ بە پێست دەشێ بۆ ئەم دوو شیعرەی نالی و حەریق، چونکە حەریق کاریگەر بووە بەو شیعرە، بەلاّم بیرۆکەی سەرەکی شیعرەکەی نالی هەڵگەڕاندۆتەوە و هەوڵیداوە لە ڕێگەی واتایەکی تازەوە، خوێنەر ئەوە لەبیر بکات کە لەژێر کاریگەری نالیدا بووە .

بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین ئەو وێنەو لێکچواندن و دەستەواژە و وشانە بخەینە ڕوو کە حەریق پێچەوانەی کردوونەتەوە و بەراوردی بکەین بەوانەی نالی .

نالی دەڵێ :

کوڕ ئایینەیی حوسنی ، تا وەک کچە مەنزوور
گرتی کە غوباری موچینی کوڕ و مینا کچ (نالی ١٣٨٦، ل١٦٠)

حەریق دەڵێ :

مویێ کە لە ڕووی کوڕ بێ ، ڕێحانەیی نێو باغە
سەد جەرگی لەبۆ داغە ، ساحێب خەت و ئینشا کوڕ (حەریق ٢٠١٢، ل٢٠٦)

نالی کوڕ بە جوان و پەسند دادەنێت تا ئەو کاتەی مووی لێنەڕوواوە، بەلاّم کە مووی لێ ڕووا ڕەنگی دەگۆڕێ و ئەو پاکیەیی ڕوخسار لە دەست دەدات، کە کەسێک لە شێوەی مینا هەیەتی، بەلاّم حەریق پێی وایە کە کوڕ ئەو کاتە جوانترە کە مووی لێدێت و مووەکەشی وەک ڕەیحانەی نێو باغە .

نالی دەڵێ :

عیشقت کە مەجازی بێ ، خواهیش مەکە ئیللا کچ
شیرین کچ و لەیلا کچ و سەلما کچ و عەزرا کچ (نالی ١٣٨٦، ل١٥٧)

حەرق دەڵێ :

عیشقت کە حەقیقی بێ تالیب مەبە ئیللا کوڕ
هەم حەزرەتی لەولا کوڕ ، هەم یوسفی والا کوڕ (حەریق ،٢٠١٢: ل٢٠٥)

لێرەدا بیرۆکەی سەرەکی شیعرەکەی نالی کە عیشقی مەجازی و دڵداریە لەگەڵ کچ پێچەوانە کراوەتەوە لای حەرق، کە بۆتە عیشقی حەقیقی و خۆشویستنی کوڕ (لە تەریقەدا ڕەمزی عەشقی حەقیقیە) .

نالی دەڵێ :

گەر ئەشرەف و مەحبووبە یوسف کوڕی یەعقوبە
کچ بوو بە خرێداریَ ، یەعنی کە زولەیخا کچ
(نالی،١٣٨٦:ل١٦١)

نالی دەڵێ ئەگەر یوسف ئەوەندە پایە بەرزە و پێغەمبەرە و کوڕی یەعقوبی بەرزە، ئەوا کێ بوو کە ئەوی کڕی، زولەیخای ژنی عەزیزی میسر، واتە ئەگەر یوسف وەک نێرینەیەک بەرز و پایەدارە، ئەوا لەلایەن مێینەیەکەوە کڕدرا .

حەریقیش لەو بارەیەوە دەڵێ :

عشقێ کە یەغنمابوو وەک عشقی زولەیخا بوو
سەر گەشتەو ڕیسوا بوو بۆ یوسف ولا کوڕ (حەریق ،٢٠١٢: ل٢٠٥)

حەریق بە پێچەوانە کردنەوەی ئەو بەرزیەیی کە نالی بە ژنێکی داوە هەڵساوە بە ڕیسوا کردن و ناشیرینکردنی زولەیخا کە شێت و شەیدای نێرینەک (یوسف) ببوو .

نالی دەڵێ :

کوڕ تازە و تەڕ ، مادام سادە وەکو خوشکی بێ
ئەمما کە ڕوا سەبزە ، دیبا کوڕ و زیبا کچ (نالی ،١٣٨٦: ل١٦٠)

حەریق دەڵێ :

سەد حەیفێ کە تۆ (نالی) بەم پیرییە منداڵی
بەم تەرزە لە عیشق ئەدوێی ، زیبا کچ و دیبا کوڕ (حەریق ،٢٠١٢: ل٢٠٦)

لەم دوو پارچەیەدا زۆر بە ڕوونی ئەو کاریگەرییە پێچەوانەی نالی بۆ سەر حەریق دەردەکەوێت، چونکە حەریق لەلایەک ناوی (نالی) هێناوە، کە ئاماژەیە بۆ کاریگەربوون و ئاگاداربوون لە شیعرەکەی، لەولایتر دووبارەکردنەوە و پاش و پێشکردنی کۆتایی نیوە دێڕی دووەمی بەیتەکەی نالییە، جگە لە کاریگەری پێچەوانە پێویستە ئاماژە بە دووبارەکردنەوەی هەندێ وێنە و بیرۆکەی دەقا و دەق بکرێ، کە لەلای حەریقەوە پاڵپشتیان لێکراوە و لە ئەسڵدا هی نالین وەک:

نالی دەڵێ :

کوڕ زیبی دەبوستانە ، کچ شەمعی شەبوستانە
بۆ بەزمی تەماشا کوڕ ، بۆ خەڵوەتی تەنها کچ (نالی ،١٣٨٦: ل١٥٩)

حەریق دەڵێ :

بۆ خەڵوەتی تەنیا کچ ، بۆ بەزمی تەماشا کوڕ
بۆ فاسقی ڕیسوا کچ ، بۆ عاشقی سەودا کوڕ
(حەریق،٢٠١٢:ل ٢٠٧)

حەریق دەڵێ :

بۆ خەڵوەتی تەنیایی فیلواقیعە کچ چاکە
ئەمما کە لە عیشق بدوێی ، ئەدنا کچ و ئەعلا کوڕ
(حەریق،٢٠١٢: ل ٢٠٧)

لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە شیعری (عیشقت کە حەقیقی بێ)ی (حەریق) بە بەرچاو ڕوونی و سوود وەرگرتن لە بیرۆکەی شیعری (عیشقت کە مەجازی بێ)ی (نالی) نووسراوە لە ڕووی کێش و سەرواوە دەقاودەق وەک شیعرەکەی نالییە، هەروەها لە ڕووی وێنەو واتای شیعرییەوە بە شێوەیەکی

گشتی شیعرەکەی حەریق بە مەبەستی پێچەوانە کردنەوەی بیرۆکەکانی شیعرەکەی نالی سوودی لێوەرگیراوە، باشترین نمونەش بۆ ئەم ڕاستیە ئەوەیە، کە نالی (٢٨) جار لە شیعرەکەیدا وشەی (کچ)ی بەکاربردووە، حەریقیش بۆ بەرپەرچدانەوەی (٢٨) جار وشەی (کوڕ)ی بەکارهێناوە، هەروەها خاڵێکی هاوبەشی نێوان هەردوو شیعرەکە ئەوەیە کە لە چەند شوێنێکی شیعرەکی حەریقدا دەردەکەوێت پاڵپشتی کردن و دووبارەکردنەوەی هەندێ بیرۆکە و دەستەواژەی نالیە وەک خۆی .

**٣. لەنێوان نالی و قانیع* دا :**

که دێینه سەر هاوسەنگی شیعری له نێوان شیعری (عیشقت که مەجازی بێ)ی (نالی) و (پەروینە کچ)ی (قانع) پێویستە بە ووردی ئەوە دەستنیشان بکەین، که لایەنی لێکچوون لەنێوان هەردوو شیعرەکەدا بە بەراورد بەوانەی پێشەوە کەمتر دەرکەوتووە، بەواتایەکی دیکە قانیع زیاتر لە حەریق و ئەدەب توانیویەتی خۆی دەرباز بکات لە دووپاتکردنەوە و وەرگتنەکان هەروەک لە ئەوەی لە ڕووی کێشەوە شیعرەکەی قانیع لەسەر کێشی (ڕەمەلی هەشتی مەحزوف) (فاعلاتن ، فاعلاتن ، فاعلاتن ، فاعلن)ەو ، لە ڕووی سەرواشەوە توانیویەتی دەنگی سەروای (ن) بەکاربەرێت، هەرچەندە وەکو نالی پاش قافیەی (کچ)ی تا کۆتایی شیعرەکە دووبارە کردۆتەوە، بۆیە تارمایەکانی لێکچوون، یاخود سوود وەرگتنی قانیع لە نالی زیاتر لە ڕووی بیرۆکە و وێنەو واتاوە خۆی نیشان داوە لە هەندێ دێڕی شیعرەکەیدا بەنمونە :

نالی دەڵێ :

کوڕ وەکو گوڵی گوڵزارە ، ئەمما پەمەری خارە
وەک هەنگی چزودارە ، هەنگوینی موصەففا کچ (نالی ، ل١٥٨)

---

* قانیع : ناوی محمدی کوڕی شێخ عەبدالقادری کوڕی شێخ سەعیدی دۆلاشی مەریوانییە, لە ساڵی ١٨٩٨ لە مەریوان لەدایک بووە لە ساڵی ١٩٦٥ لە پێنجوێن کۆچی دوایی کردووە .

قانیع دەڵێ :

بۆ نەخوشی و دەردی ئاشق ، دوکتەری شافی کچە

کوڕ وەکو هەنگی دڕندە ، و شازی هەنگوینە کچ (قانع،ل٢١)

نالی کوڕ بە هەنگی چزوودار و ترسناک چواندوە و کچیشی بە هەنگوینی پاڵفتە داناوە، قانعیش بەهەمان شێوە کوڕ بە هەنگی دڕندە و مەترسیدار و کچیش بە باشترین جۆری هەنگوین دادەنێت، ئەمەش لە خودی خۆیدا وەرگرتنی هەمان وێنەی نالیە .

نالی دەڵێ :

جەزلی قەمەر و سایە بۆ صەولتی ئەعدا کوڕ

نەخلی پەمەر و مایە بۆ دەوڵەتی دنیا کچ (نالی ، ل١٥٩)

قانیع دەڵێ :

خوێن ڕژانن مەیل ئەکەی ، فەرموو وەرە سەیری کوڕ (قانع،ل٢١)

دڵ بە ڕەحم و لاشە نەرم و نازک و ڕەنگینە کچ

قانیع بە هەمان شێوە لایەنی شەڕوشۆڕ و جەنگ و خوێن ڕژاندنی پەیوەست کردووە بە کوڕ و ناسک و بەرهەم و جوانیش بە کچ.

نالی دەڵێ :

عیشقت کە مەجازی بێ ، خواهیش مەکە ئیللا کچ

شیرین کچ و لەیلا کچ و سەلما کچ و عەزرا کچ (نالی ،١٣٨٦: ل١٥٧)

قانیع دەڵێ :

کوڕ کە زۆرچاک هەڵکەوێ ، فەرهادە یا مەجنونی شێت (قانع،١٣٨٢:ل٢١)

کچ لە پەردەی عیسمەتا ، لەیلایە یا شیرینە کچ

بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە لە ڕووی بیرۆکەی شیعریەوە قانیع سوودی تەواوی لە شێوەکەی نالی وەرگرتووە و لە ململانێی نێوان کچ و کوڕیشدا وەکو نالی کچ پەسند دەکات .

**٤- لەنێوان شیعری (عیشقت کە مەجازی بێ)ی(نالی)و (بۆ ئەو کەسە عیشقی بێ)ی(ئەدەب)و (عیشقی حەقیقی)ی(حەریق) و (عەشقی دڵداری ئەلەست)ی(فەنایی)*دا:**

ئەگەر بەوردی هاوسەنگی بکەین لەنێوان هەرسێ شیعرەکەی(نالی و ئەدەب و حەریق)لەگەڵ شیعرەکەی(فەنایی) ئەوا لەچەند ڕوویێکەوە خاڵی جیاواز و لەیەکچوو بەرچاودەکەون، هەروەها بۆیە ویستوومانە لەو ڕوانگەیەوە هاوسەنگییەکە ئەنجام بدەین، چونکە لەڕووی مێژووییەوە شیعرەکەی(فەنایی)بەراورد بەوانیتر لەپاش هەموویانەوەیە، بە واتایەکی دیکە فەنایی لەدوای هەموویانەوە شیعرەکەی خۆی هۆنیوەتەوە و بەشێوەیەک لەشێوەکان(چ بە پاڵپشتی کردن یان نەرێکردن و ڕەتکردنەوە) سوودی لەو سێ شیعرەی سەرەوە وەرگرتووە و قەسیدەکەی خۆی لەسەر بنیات ناوە، لەبەرئەوە لە هاوسەنگیکردنی ئەو پارچە شیعرەی فەنایی لەگەڵ ئەوانیتر هەندێجار لە چوارچێوەی دێڕێک یا چەند دێڕێک ئەو خاڵە لێکچوو و جیاوازانە دەبینرێن، کە دەتوانین بەو شێوەیەی خوارەوە گوزارشتی لێبکەین:

١- لەڕووی کێشەوە:شیعری(عەشقی دڵداری ئەلەست)لەسەر کێشی هەزەجی هەشت هەنگاوی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووفە، کە برگە و پێیەکانی بەو شێوەیەی خوارەوەیە:

* فەنایی: ناوی تەواوی مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مەلا مستەفای کوڕی مەلا صالحی کوڕی حاجی فەقێ عەلییە، لەساڵی(١٩٣٢)لە ئاوایی(گەڵوان) لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لەدایک بووە و کاتبی شێخ موحەممەدی کوڕی شێخ عوسمان سیراجەددینی نەقشبەندی بیارە بووە و سەربەڕێبازی نەقشبەندی بووە لە سۆفیگەریدا، زۆر کاریگەر بووە بە مەحوی و مەولەوی لە شیعردا، لەساڵی٢٠٠٤لە لبنان کۆچی دوایی کردوو و لە مزگەوتی بوخارا لە هەولێر بەخاک سپێردراوە.(دیوانی فەنایی،٢٠٠٦، ل١٣-٢٠)

ڕەحمەت لە حەریق نالی کە فەرمووی چی یەناڵی

- -ب / ب- - -/ ب - - -/ ب- -

مفعول / مفاعیلن / مفاعیلن/فعولن

بێهوودە بە زوڵفی کەچی کچ شیفتە حاڵی

- -ب / ب- - -/ ب - - -/ ب- -

مفعـــــــــول / مفـــــــــاعیلن / مفــــــــــاعیلن/فعولن

(فەنایی،٢٠٠٦:ل١٩٨)

هەرسێ شیعرەکەی (نالی) و (ئەدەب) و(حەریق) لەسەر هەمان کێشن واتە، لەسەرکێشی هەزەجی هەشتی ئەخرەبن، لەوەشەوە فەنایی ویستوویەتی لەڕووی کێشەوە پابەندی شیعرەکانی دیکە نەبێت و لەسەر کێشێکی دیکە شیعرەکەی لەبۆتە دابڕێژێت.

٢- لەڕووی سەرواوە:هەرسێ شیعرەکەی(نالی و ئەدەب و حەریق)هەمان سەروایان هەیە کە دەنگی(ا)، بەڵام شیعرەکەی(فەنایی) پابەندی دەنگی سەروای(ڵ)ە.

٣- لەڕووی بیرۆکە و مەبەستی شیعری:لەنێوان هەرچوار شیعردا کۆمەڵێک لایەن هەن لەڕووی واتاوە، کە هەندێ جار تێک دەکەنەوە و هەندێ جاریش لەیەکدی دوور دەکەونەوە، ئەمەش بەڕوونی لەنێوان هەردوو جۆری(عیشقی حەقیقی و عیشقی مەجازی)زیاتر خۆیان دەنوێنن، لەبەرئەوەی هەرچوارشیعرەکە بیرۆکەی سەرەکییان لەنێوان ئەو دوو عیشقەدا دەخولێتەوە.

فەنایی لەچوارچێوەی واتای گشتی شیعرەکەی خۆیدا پاڵپشتی لە عیشقی حەقیقی دەکات، بۆیە لەو ڕووەوە بیرۆکەی حەریقی بەلاوە پەسەند و گونجاوە، بەرامبەر بەمەش کارەکەی نالی بە دزێو و ناپەسەند دادەنێت، هەروەکو دەڵێت:

ڕەحمەت لە حەریق نالی کە فەرمووی چی یە ناڵی

بێهوودە بە زوڵفی کەچی کچ شیفتە حاڵی . (فەنایی،٢٠٠٦: ل١٩٨)

ئەمەش دوو جۆر کاریگەری بەسەرەوە دەردەکەوێت، یەکیان هی نالی، کە دەڵێ:

کچ پەرچەمی چین چینە، دو مەمکی لەسەر سینە

وەک شانەیی هەنگوینە بۆ لەززەتی دنیا کچ. (نالی،١٣٨٦: ل١٥٩)

شیعرەکەی فەنایی ڕەتکردنەوە و قبووڵ نەکردنی بیرۆکەکەی نالییە، چونکە شاعیر لە دێڕەکەی خۆیدا بێزاری دەردەبڕێت بەرامبەری، ئەمەش کاریگەرییەکی پێچەوانەیە لەلایەک،لەولایتریش جۆرێکی دیکەی کاریگەری ڕاستەوخۆ دەبینرێتلەنێوان فەنایی و حەریقدا، چونکە حەریق لە دێڕەکە ناوی هاتووە، هەروەها لەهەمان دێڕدا بیرۆکەکەی(حەریق) دووبارەکراوەتەوە کاتێک بەرپەرچی نالی داوەتەوە، ئەوەتا دەڵێ:

سەد حەیفێ کە تۆ"نالی"بەم پیرییە مندالی

بەم تەرزە لە عیشق ئەدوێی زیبا کچ و دیبا کوڕ.(حەریق،٢٠١٢: ل٢٠٦).

جگە لەمە(فەنایی)لە دێڕێکیتریشدا، ئەو پاڵپشتییە بۆ حەریق دووبارەدەکاتەوە، کە لەبری کچ بە کوڕ وەڵامی نالی داوەتەوە:

هەرچەندە هەموو باسی کوڕە جەوابی حەریقیش

هەرچاترە لەو باسە کەڕوویداوە لە نالیی. (فەنایی،٢٠٠٦: ل٣٠٠)

لێرەشدا شاعیر خۆی دەداتە پاڵ بیرۆکەی ئەو عەشقەی کە حەریق لەبارەی عیشقە حەقیقییەوە خستویەتییە ڕوو، لەبەرامبەردا ئەوەی نالی ڕەت دەکاتەوە.

حەریق لە شیعرەکەی خۆیدا(کچ) بە تەبعێکی کەچ و کەم و کورت دادەنێ:

کچ تەبعی کەچ و ناقیس، کوڕ تەبعی تەڕ و خالیس

هەم سوحبەت و هەم جالیس خۆش مەنزور و سیما کوڕ. (حەریق،٢٠١٢: ل٢٠٦)

فەناییش دەڵێ:

هەرکەسێ بەخەیاڵ و هەدەفی عەشقەوە ڕوو کا

لەو لوعبەتە شێواوە هەموو فەزڵ کەماڵی

بۆ عالەمی گەنجی ئەبێ بەو حاڵە بڵێ گەنج

نەک عالمی زانا بە ڕمووزاتی خەیاڵیی. (فەنایی،٢٠٠٦: ل١٩٩)

یا دەڵێ:

دڵ بەستە بە مەعشووقەیی ئەربابی مەقامات

تا کەم کەمە ئەو نەقصە بگا دڵ بە کەماڵی. (فەنایی،٢٠٠٦: ل١٩٨)

لێرەدا فەنایی هەمان ڕووانین سەبارەت بە کچ دووبارە دەکاتەوە، کە بە دیدێک سەیری دەکات لەڕووی عەقڵیی و هێزەوە، کەمترە لەپیاو، ئەمەش دیدێکی ئایینییە سەبارەت بە مێیینە.

نالی بە تەواوەتی پشت لە عەشقی حەقیقی بەردەدات و خۆی بە دنیاوە دەبەستێتەوە و لەو باوەڕەیە لەدنیادا تەنیا ئەو جۆرە عیشقە جێگەی دەبێتەوە:

بابێکی هەیە دنیا بۆ عەشقی مەجازی، بەس

نالی چییە ئەو بابە: ئادەم کوڕ و حەووا کچ. (نالی،١٣٨٦: ل١٦٢)

لای ئەدەبیش ئەو مەجازیی بوونە لە عیشقی دنیایی دا دوا پلەیە:

بۆ عیشقی مەجازیی تۆ، بۆ مەحرەمی ڕازی تۆ

شەوگاری درازی تۆ، ئەعلا کوڕ و ئەحلا کچ. (ئەدەب،٢٠٠٥: ل٨٩)

حەریق سەد لەسەد پشتگیری لە یەک جۆر عەشق دەکات، ئەویش عەشقی حەقیقییە:

ئەم عیشقە مەجازاتە، ئەنجامی موجازاتە

غەوواسی حەقیقەت بە ، دوڕ دانەیی دەریا کوڕ. (حەریق،٢٠١٢:ل٢٠٧)

ئەو ڕووانینە بە تەواوەتی لای فەناییش بەرجەستە دەبێت سەبارەت بە عەشقی حەقیقییەوە:

لای ئەهلی بەصیرەت نییە خۆشی لە مەجازا

سەرخۆشی صەفای ڕۆحە دڵ جازیبی حاڵی
بەو حاڵەش ئەگەر عەشقی حەقیقی بە حەقیقەت
بڕواتەوە سەر باری حەقیقەت بە زولاڵیی
هەرچاکە ئەگەر بولهەوەسی لێڵی نەکا لێی
تـــا ئـــــەو پلـــــە تـــــەیکات و وبگـــــۆڕێ دڵ و حـــــاڵی
(فەنایی،٢٠٠٦: ل١٩٩)

فەنایی پێیوایە، تەنانەت عەشقی حەقیقی لە خراپترین جۆریدا، کە بەلای ئەوە خراپتـرین جـۆری لای دەروێشـەکانی تەریقـەتی قادرییە(چونکـە خـۆی نەقشـبەندی) بـووە، ئەگـەر بـە مەبەسـتی دنیـایی و هـەوا و هـەوەس و لوتبەرزییەوە نەبێت و شتی ماددی تێنەکەوێت، هێشتا هەر چاکترە لە عیشقی مەجازی، چونکە ئەو جۆرە عیشقە بەلای ئەهلی بەسیرەت و بیناوە شتێک نییە ئەنجامێکی هەبێت و شتێکی لێ سەوز بێت، لەوەشەوە جیادەبێتەوە لە نالی و ئەدەب و یەکدەگرێتەوە لەگەڵ حەریقدا.

لە عیشقی مەجازی نالیدا کچ بە جوانترین مەخلوقی عیشقی مەجازی دانراوە
عیشقت کە مەجازی بێ خواهیش مەکە ئیللا کچ
شیرین کچ و لەیلا کچ و سەلما کچ و عەزرا کچ
فەرقی کوڕ و کچ ڕۆشن، وەک فەرقی مەه و میهرە
ئەم فەرقی شەو و ڕۆژە وەک فەرقە لەکوڕ تا کچ (نالی،١٣٨٦: ل١٥٧ )

نالی جیاوازی جوانی نێوان کچ و کوڕ لە دنیای مەجازیدا وەک شەو و ڕۆژ دەبینێ، کە کچ ڕۆشناییەکەی وەکو ڕووناکی ڕۆژە لە جوانیدا.

، ئـەدەبیش کـوڕ و کـچ بـە دوو مەزهـەری جـوان نیشـان دەدا دەیانکاتـە کارەکتەری سەرەکی ئەو عیشقە دنیاییە و جیاوازی نییە لەنێوانیاندا:
بۆ ئەو کەسە عیشقی بێ، فەرقی نییە کوڕ یا کچ
هەرچەنـــدە کـــە مەعلوومـــە فـــەرقی چییـــە کـــوڕ یـــا کـــچ.
(ئەدەب،٢٠٠٥:ل٨٩)

بەلاملای حەریق عیشق دەبێ حەقیقی بێ و مەزهەری ئەو عیشقەش لای كوڕ دەردەكەوێ نەوەك كچ، واتە كارەكتەری سەرەكی ئەو عیشە كوڕ:

هەر عیشقێ حەقیقی بێ وەک عیشقی حەریقی بێ
مەیلی بە دەقیقی بێ بۆ مەعریفەتوللا كوڕ.
(حەریق،٢٠١٢: ل٢٠٧)

بەڵام فەنایی بە دوو چەشن لەو دیمەنانە دەدوێ لە یەكێكیان باوەری بەوە هەیە، كە عیشق بەرامبەر كچ سەرفكردنی بەخۆڕایی تەمەنی مرۆڤە و بەفیڕۆدانی ئەو نووورە پاكەیە لە شتی هیچ و پووچدا:

عومرێ بە خەیاڵی كچەوە سەرفی هەوابێ
واتێمەگە چاک بێ نە خەیاڵی نە مەئالی
گەنجینەیی دڵ مەخزەنی ئەسراڕی خودایە
كەی ئەو صەددەفی گەوهەرە یا دورڕی لوئالی. (فەنایی، ٢٠٠٦:ل١٩٩)

لێرەدا شاعیر تەواوی ئەو وەسفانەی كە نالی و ئەدەب لەبارەی كچەوە كردوویانە، كە وەكو پێشتر باسمان كردووە بە دوور و گەوگەر چوێندراوە لایان، ڕەتدەكاتەوە و بە نەخۆشی و دەردی دەزانێ ، چونكە بەلایەوە دڵ ئەو دڵەیە تەنیا لە خولگەی خواپەرستییەكی پاكەوە بخولێتەوە نەوەک جوانیی كچ. ئەمەش بە ڕوونی لە چەشنی دووەمدا بەدەردەەوێت، كە ڕاستەوخۆ باس لەو عیشقە حەقیقیەی ناو دڵی دەكاتە، كە پێوەستە بە زاتی پەروەردگارەوە:

دڵ ئەو دڵەیە عاشقی دڵداری ئەلەستە
وەک مەولەوی یو مەحوی یو ئەمالی غەزالی

تا دەگاتە ئەوەی هەردوو ڕەگەز مەحودەكاتەوە لەپێناو وەسڵی مەعشوقەكەی خۆی:

دەرچێ لە خەیاڵی ئەم و ئەو یەعنی كوڕ و كچ
ڕووكاتە ئەو و سەجدە بەرێ بەدڵ لە جەماڵی.
(فەنایی،٢٠٠٦: ل١٩٨)

لای شاعیر جەماڵی خوا لەپێش جەماڵەکانی دیکەوەیە، بۆیە ناکرێ بەهیچ یەکێک لە دیمەنەکانی دنیاییەوە وەسف لەو جوانی و عەشقەوە بکرێ جا ئەو دیمەنە کوڕ بێت یا کچ.

**ئەنجام**

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتووین ، کە لەخوارەوەدا بە چەند خاڵێک تۆماریان دەکەین .

١. لە هاوسەنگی ئەدەبی نێوان شیعری (عیشقت کە مەجازی بێ)ی (نالی) و (بۆ ئەو کەسەی عیشقی)ی (ئەدەب)، ڕەخنەگر هەست بەوە دەکات، کە ئەدەب لەبەر ڕۆشنایی شیعرەکەی نالی ئەو شیعرەی نووسیوە و لە ڕووی کێش و سەرواو دەستەواژە و بیرۆکە و وێنەی شیعریەوە سوودی لێوەرگرتووە.

٢ـ لە هاوسەنگی کردنی هەردوو شیعری (عیشقت کە مەجازی بێ) ی (نالی) و (عیشقت کە حەقیقی بێ) ی (حەریق)دا دەردەکەوێت، کە حەریق بەشێوەی پێچەوانە کردنەوەی بیرۆکە و واتاوە سوودی لە شیعرەکەی نالی وەرگرتووە، جگە لەوەی کە هەندێجار ڕاستەوخۆ وێنە و دەستەواژەکانی شیعرەکەی نالی گواستۆتەوە بۆ ناو شیعرەکەی خۆی و لە ڕووی کێش و سەرواشەوە بەتەواوەتی پابەندی شیعرەکەی نالیە .

٣. لەنێوانی شیعری (عیشقت کە مەجازی بێ) ی (نالی) و (پەروینە کچ)ی (قانیع)دا لێکۆڵەر ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە قانیع لە ڕووی کێش و سەرواوە زیاتر سەربەستر بووە لە دوو شاعیرەکەی پێش خۆیی و توانیەتی سنووری شیعرەکە ببەزێنێت، هەروەها لە وێنە و دەستەواژەشدا قانیع زیاتر پانتیەکانی شیعرەکەی بە بیرۆکەی خۆی ڕازاندۆتەوە، ئەگەرچی بیرۆکە سەرەکیەکەی هی نالیە لە بنەڕەتدا .

٤- لە هاوسەنگیکردنی هەرچوار شیعری(عیشقت کە مەجازی بی)ی (نالی) و(بۆ ئەو کەسەی عیشقی بی)ی(ئەدەب)و(عیشقت کە حەقیقی بی)ی(حەریق)و(عەشقی دلداری ئەلەست)ی(فەنایی)دا چەندین خالی هاوبەش و جیاواز بەرچاودەکەون، لەرووی بیرۆکەوە(فەنایی)پابەندی عیشقی حەقیقی بووە و پالپشتی بۆچوونەکانی(حەریق)بووە و بیرۆکەکەی نالی پیچەوانە کردۆتەوە، لەرووی کیش و سەرواوە شاعیر قالبیکی جیاتر لە سی شیعرەکەیتری بۆ قەسیدەکەی هەلبژاردووە.

## الملخص

هذه الدراسة معنونه ب(الموازنه الادبية فی شعر"نالی و ادب و حريق و قانع و فنايی") وهی دراسة موازنة نقدية ، يتكون من المقدمة و فصلين رئيسيين و عدة مباحث، و فی النهايه يوجد نتائج البحث.

فی الفصل الاول تم توضيح مفهوم و تاريخ و اليات الموازنة النقدية مع مكانة الموازنة النقدية فی (مكاتب الادب المقارن) و الحركات النقدية ما بعد البنيوية، اما فی الفصل الثانی تم تحديد النقاط المتشابهه بين شعر(عشقت، كه مەجازی بێ)للشاعر الكردی(نالی)و قصيدة(بۆ ئەوكەسەی كە عیشقی بێ)ل(مصباح الديوان ادب)و قصيدة(عیشقێ كە حەقیقی بێ)للشاعر(حريق)و شعر(پەروینە كچ) للشاعر المظلومين(قانع) واخيرا شعر( دلداری عیشقی ئەلەست) للشاعر(فنايی)و فی ذلک اعتمدت علی الاساسيات و الوسائل النقدية الموازنة و خصوصا علاقات التاثير و التاثر بين الشعراء و تدريج النقاط المشتركة بينهم، ای ان الدراسة تمت بموجب المدرسة الفرنسية للمقارنة الادبية.

## Abstract

This study entitled ( comparison critic between "NALI, ADAB, HARIQ, QANIH AND FANAII")
and two chapters with this ,is a comparison critic, consists of a preface and the main in the end there is the search results .

In the first chapter it was explained the concept and history and mechanisms of (comparison critic) with the status of the (comparison critic) in the offices comparative literature) and in the post-structuralism movements, either in the second chapter we want to determine Similar points between five poems: (hisqit ka majazi be)(NALI)and(bo aw kasay hishqi be)(Adab)with poem (hishqit ka haqiqy be)(HARIQ)and poem(parwina kich)(QANIH)and finally poem (Dldary Hishqy alast) for the poet (FANAII) At that it relied on the basics and means comparison critic, especially affecting relations and interaction of poets and grading common points among them.

# لیستی سەرچاوەكان

**بەزمانی عەرەبی و فارسی:**

١- ابن الاثير،١٩٩٥ ، المثل الثائر فى الادب الكاتب و الشاعر ، ، المكتبه العصرية ، بيروت .

٢- اريستوفانس ، الضفادع ،٢٠١٢، ترجمه و تقديم ، د. عبدالمعطى شعراوى ، مجلة مسرح العالمى، عدد ٣٥٨، مارس ، الكويت.

٣- - الامدى ، ابوالقاسم،١٩٥٤، موازنة بين الشعر ابوتمام و البحترى، ،ط٤، دارالمعارف، مصر.

٤- ايف شفريل، الادب المقارن ،٢٠١٣، ت:د.محمد محمود، ط١، مؤسسة مجند لنشر و التوزيع، بيروت.

٥- البلداوى ،حميده (د) ،٢٠٠١ ، الموازنات الادبية فى الاندلس ، بواعثها و سماتها ، مجله دراسات الاندلسيه ، ع٢٦ ، تونس .

٦- الجرجانى ،على بن عبدالعزيز ، بدون تاريخ الطبع، الوساطة بين المتنبى و خصومه ، ط١ ، مكتبه العصرية ، بيروت ، لبنان.

٧- الحاتمى ، ابو على محمد بن حسن ،١٩٦٥ ، الرساله الموضحة فى الذكر سرقات ابى طيب المتنبى، ط١ ، دار صادر ، بيروت.

٨- العميدى ، ابو سعيد محمد بن احمد ،١٩٩٧، الابانه عن سرقات المتنبى لفظا و معنى ، دار المعارف ، قاهره .

٩- الغفارى ،عبدالرسول (د)، ٢٠٠٣،النقد الادبى بين النظرية و التطبيق، ط١، دار الهادى للنشر و التوزيع، بيروت.

١٠- بن عباد، صاحب ،١٩٦٥، الكشف عن مساوئ الشعر المتنبى ، مكتبه تحفة ، بغداد.

١١- بوجره، سميره ،٢٠١١، شواهد الشعرية فى الكتاب الموازنة للأمدى، مقاربة نقدية ، رسالة الماجستير، جامعه مولود معمرى، جزائر.

١٢- بو جمعه، ساره ،٢٠١٥،جماليات التناص فى الشعر محمد جربوعه، رساله ماجستير، جامعة محمد خيظر - بسكره الجزائر.

١٣- تيجم ، پول ڤان , ١٩٤٦، الادب المقارن، ، ت:د.سامى دروبى، دار الفكر العربى، ب.م.

١٤- حسن ،عباس ،١٩٥١، المتنبى و الشوقى ، دراسه و نقد الموازنه ، ط١، مطبعة مصطفى البانى الحلبى و اولاده.

١٥- خلباص ،اسماعيل ،١٩٨٩، الموازنه منهجها نقديا قديما و حديثا ، رساله ماجستير، كلية التربية، جامعة بغداد.

١٦- طارم ميثم ،١٣٨٨، النقد الادبى بين المفاضلة و الموازنة و المقارنة، مجله تراث الادبى،عدد الثانى، تهران.

١٧- عباس احسان(د)، ١٩٨٧،تاريخ النقد الادبى عند العرب،من القرن الثانى حتى القرن الثامن الهجرى،ط١، مطبعة جامعة صلاح الدين،اربيل.

١٨- عبدالحسين، زرين كوب ،١٣٩٠ ،نقد ادبى ، ط٨، امير كبير، تهران.

١٩- عبود عبده ،الادب المقارن(د) ،١٩٩٩، ط١، مطبعة اتحاد الكتاب العرب بدمشق،سوريا.

٢٠- غمبار كمال (د)، ٢٠١٠، عبدالله گوران، ط٢، منشورات وزاره الثقافة، اربيل.

٢١- فيود ،بسيونی عبدالفتاح (د) ٢٠١٠،،علم البديع، ط٣، دار المختار ، القاهرة.

٢٢- مبارك ،زكی (د)، ٢٠١١، الموازنة بين الشعراء ، مؤسسة هنداوی لتعليم و الثقافة،ط٢،قاهره.

٢٣- مبروك ،مراد عبدالرحمن (د)، ٢٠٠٦، الادب المقارن بين النظرية و التطبيق، ط١، خوارزم العلمية للنشر و التوزيع،السعودية.

٢٤- هلال ،محمد غنيمی (د)، ١٩٨٧،الادب المقارن، ط٥، دار العوده، بيروت- لبنان.

٢٥- ورد ،خوسرەو فرشيد (د) ،١٣٦٣،نقد ادبی ، امير كبير، تهران،

**بەزمانی كوردی:**

٢٦- ئەنيسی ،سەييد نەجمەددين ، حەريق، ديوانی حەريق،٢٠١٢، چ١، چاپخانەی بينايی، سلێمانی.

٢٧- بارت ، ڕۆلان ، خۆشی دەق،٢٠١١، وەرگێڕانی د.محم رحيم احمدی، چ١ ، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، .

٢٨- بورهان قانع، ديوانی قانع، هەڵبژاردەی سيد تەيب سجادی زادە، چ٢، انتشارات كردستان، سنندج،١٣٨٢.

٢٩- حەوێزی ،دەريا (د)، و هاوژين صليوە، ٢٠١٥، ئيرۆتيك لە شيعری حەمامی شيركۆ بێكەسدا، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٣٠- شوان ،ابراهيم احمد ،٢٠١٤، بەراوردی ئەدەبی، چ١،چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددين، هەولێر.

٣١- فەنايی،مەلا عەبدوڵڵای كاتب، ،٢٠٠٦، ديوانی فەنايی، كۆكردنەوەی عابيد عەبدوللا،چ١،چاپخانەی وەزارەتی كشتوكاڵ، هەولێر.

٣٢- کفافی ،محمد عبدالسلام ،٢٠١٣، ئەدەبی بەراوردکاری، و:هەژار ڕەحیمی، چ١، دەزگای موکریانی، هەولێر.

٣٣- گەردی ،عەزیز ،١٩٧٨، ئەدەبی بەراوردکاری، چ١، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا .

٣٤- مصباح دیوان، ئەدەب،٢٠٠٥ ،دیوانی ئەدەب، محمد حەمەباقی کۆیکردۆتەوە چ١، ئاراس، هەولێر.

٣٥- مەولود ،ڕێزان صالح (د)، ٢٠١٣ ،پێگەی ژن لەدیدی قوبادی جەلیزادە و نەزار قەببانیدا، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٣٦- مودەڕیس ،مەلا عبدالکریم ، عبدالکریم ،فاتیح ،١٣٧٦، دیوانی نالی، چ٣، انتشارات کردستان، سنندج.